## نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەلبژاردنی عێراقی
## ڕاپۆرتی کوتایی بۆ هەڵبژاردنی 15 کانوونی یەکەم 2005 بۆ ئەنجومەنی نوێنەران

### ناوەڕۆك :


کورتە باسی کارگێری

پێشەکی

چوارچێوەی یاسایی

تۆمارکردنی دەنگدەران

باوەرپێکردنی قەوارە سیاسی یەکان ,ئیتلافەکان ,هەڵبژێردراوەکان

فێرکردن و ڕاگەیاندنی دەنگدەران

ئامادەکردن بۆهەڵبژاردن

توانای یەکسانی بۆ گەیشتن بە ڕاگەیاندن

هەڵبژاردن

جیاکردنەوەی دەنگەکان و کۆکردنەوەی ئەنجامەکان

کرداری جێ بەجێ کردنی سکالای هەڵبژاردن

کورتەباس

پاشکۆی ژمارە (1 )

پاشکۆی ژمارە (2 )

پاشکۆی ژمارە (3 )

پاشکۆی ژمارە (4 )


### کورتە باسی کارگێری :

نێردراوی نێودەوڵەتی بۆچاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی دامەزرا لە کانوونی یەکەم 2004 بە پاڵپشتی وولاتە یەکگرتوەکان و کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق بۆ ئامادە کردن بۆ هەڵبژاردنی عێراقی و پێشکەش کردنی زانیاری یە گرنگەکان بۆ هەڵبژاردنی 2005 . نێردراوی نێودەوڵەتی تەنگ وچەڵەمەکانی پێشکەش کرد لەچەند لایەنێك بۆ بەرێوە بردنی کرداری هەڵبژاردن لە وولاتە جیاوازەکان و پێش کەش کردنی زانیاری و شارەزایی لە کاتی کارکردن و چالاکی کۆمسیۆنی بالا لە هەڵبژاردنی ڕابردوو لە کانوونی دووەمی 2005 .وکردارەکە دووبارە کرا لە هەڵبژاردنی تشرینی دووەمی 2005 .وهەڵسان بە دامەزراندنی چاودێری لە کاتی ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن و بۆ هەڵسنگاندنی ئەم کردارە بەچەند پرسیارێك داندرا لە لایەن نێردراوی نێودەوڵتی ,بەپاڵپشتی چەند

سەرچاوەیەکی زانیاری وەکو بڕوانامەی یاسایی وڕێکخراوی وچەند چاو پێکەوتن لەگەڵ بەشداری بوان لە ناو و دەرەوەی عێراق لەگەڵ ئەم زانیاری یانەی کە بەدەست کەوت لەلایەن نوسینگەکانی بەغدا و عەمان .

بەشێوەیەکی گشتی , نێردراوی نێودەوڵەتی بینی لەگەڵ ئەو هەموو مەترسی یە ئاسایشانەو و ئەو قورسی یە لۆجسیانەی لە عێراق هەبوو کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق توانی پەرەپێدان و جێ بەجێ کردنی کرداری هەڵبژاردن بکات بەشێوەیەکی گشتی کە ڕێدەکەوێت لەگەڵ هەموو ڕێژەکانی هەڵبژاردنی نێودەوڵەتی کەناسراوە.ئەم ڕێژانەش بریتی یە لە چوارچێوەی یاسایی و نەخشەکێشان و فەرمایشتەکان و لۆجیستی یەکان .

هەڵسنگاندنی هەڵبژاردنی 15 تشرینی یەکەم لە ساڵی 2005 واباسی کرد کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق سەرکەوتنێکی بیندراوی بەدەست هێنا لە کارەکەدا لە کاتی ڕوودانی هەڵبژاردنی کانوونی دووەمی 2005 . نێردراوی نێودەوڵەتی هەستا بە دیاری کردنی زۆربەی لایەنەکانی گەشبینی لە کرداری هەڵبژاردن لەوانەش جۆری نەخشەکێشانی کە کۆمسیۆنی باڵا پێ ی هەستا و ڕێکخستنی ئەم کردارە و تازەکردنەوەی لیستەی دەنگدەران و فێرکردنی دەنگدەران . هەڵسنگاندنەکە وا چەسپاند کە بەرێوە بردنی سێ کرداری هەڵبژاردندا لە ماوەی یەك ساڵدا پاڵەپەستۆیەکی زۆر گەورەی خستە سەر شانی کۆمسیۆنی باڵا , کە ئەم کردارە لەزۆربەی دیموکراتیەکان بە بەرەنگاریەکی کەورە دائەنرێت یان بەرەنگاریەکی کە پەرانەوەی گرانە لە هەندێ کاتدا . نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی پیرۆزبایی لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق دەکات لەسەر ئەو توانایەی کە هەیبوو بۆ بەرێوە بردنی ئەم کارە لەو ماوە کورتەدا و لەو بارە ئاسایشە قورسەدا لە ژێر چاودێری کردنی کۆمەڵگای نێودەڵەتیدا .

چوارچێوەی یاسایی هەموو مافەکان و سەربەستی سیاسی یەکانی پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە هەیە دابین دەکا لەگەڵ بارە ئاسایشە قورسە و ئەو گۆرانە سیاسی یانەی کەهەیە, بەشێوەیەکی گشتی ڕێك دەکەوێت لەگەڵ هەموو ڕێژەکانی دیموکراتی دان پیاندراو . ووشەکانی کە بەکار هێندرا لە یاسای بەرێوەبردنی قۆناغەی گواستنەوە تایبەت بە داواکاری یەکانی چەسپاندنی دەستوور بوو بە هۆی هەندێك شڵەژاندن کە شیکاری کرا بەرێگەیەکی گونجاو. ولێرەژدا پێویستی هەیە بە چوارچێوەی یاسایی وڕێکخراوی بۆ یەك بوونی رژێمەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی بەیەك پەیکەری ڕێکخراو.

لە چوارچێوەی یاسایی کە کاری کرد لە هەڵبژاردنی کانوونی یەکەمی 2005 هەموو مافەکان و سەربەستی یە سیاسی یەکان بەشێوەیەکی گشتی ڕێك دەکەوێت لەگەڵ هەموو ڕێژەکانی نێودەوڵەتی کە دانی پیان دراوە .لە 18 پارێزگاکان پشت بەسترا بە نواندنی ڕێژەیی لەسەر ڕێگای لیستەی داخراو.لە کورسی یەکانی ئەنجومەنی نوێنەران کە 275 جە ,230 کورسی دابین کرا بۆ پارێزگاکان بە پی ی لیستەکان دەنگدەران کە داندرا بۆ هەڵبژاردنی کانوونی دووەمی 2005 .هەروەها 45 کورسی کەمایەوە دابەش کرا بە شێوەیەکی نیشتیمانی ,هەروەها دەنگکان کە لەدەرەوەی ووڵات دەنگ درا لە چوارچێوەی کرداری هەڵبژاردن بژێردرا بۆ دابەش کردنی کورسی یەکانی نیشتیمانی .کۆمسیۆنی باڵا ڕاسپێردرا بە چاکردنی کرداری چارەسەرکردنی سکاڵاکان وئاسان کردنی کرداری گەیشتن بە ئەنجامەکان لە ویستگەکانی دەنگدان.

ئەنجامی تازەکردنەوەی لیستەکانی دەنگدەران کە کرا لە مانگی ئاب لە ساڵی 2005 دا بۆ بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دەنگدەران بە ڕێژەی 8٪ بۆ 15568702 دەنگدەر ,وکۆمسیۆنی باڵا سەرکەتنێکی تارادەیەکی بەدەست هێنا لەکارکردن لەگەڵ ئەو تەنگ وچەڵەمانەی کەدەرکەوت لە لیستەکانی دەنگدەران لە کاتی دەنگدانی تشرینی یەکەمی 2005 ,وەکو زنجیرەی ناوەکان ,تۆمارکردنی ناوی دەنگدەرانی ناراست .وپێویستە هەوڵ دانێکی بەردەوام هەبێت بۆ چارکردنی لیستەکان لە هەڵبژاردنی تازەدا.وبێویستە لەهەمان

کاتدا چەند هەنگاوێك بنێن بۆ درێژکردنی ماوەی پێشکەش کردنی سکاڵاکان ,لەگەڵ ئەوەشدا ڕێدان بە قەوارە سیاسی یەکان بۆ گەیشتنیان بۆ لیستەکانی دەنگدەران .

لەکوتایی دا 19 هاوپەیمانی سیاسی و307 قەوارەی سیاسی و 7655 هەڵبژێراو تۆمارکرا .ومەرجەکانی باوەر پێ کردن ئاسان و یەکسان بوو .

هەستان بە ڕێك خستن و ئامادەکردن پێش هەڵبژاردن بەشێوەیەکی ڕێك وپێك ,وجێ بەجێ کرا بەشێوەیەکی سەرکەوتوو لە ژێر سێبەری کۆمەڵێك مەرجی ئاسایش و سیاسی و لۆجیستی تەواو .کۆمسیۆنی باڵا پشتی بەست بە چەند شارەزایی پێشوو کەبەدەستی هێنابوو لە هەڵبژاردنی کانوونی یەکەم و تشرینی یەکەم ,کە هەستان بەدامەزراندنی و مەشق کردنی زیاتر لە 220000 فەرمانبەر پێش ڕۆژی هەڵبژاردن ,وکۆمسیۆنی باڵا پشتی بەست بە 2500 نوێنەری ڕاگەیاندن لە هەموو پارێزگاکان و 399,750 چاودێر ,ئەم کارەش یارمەتی دا کە کرداری هەڵبژاردن روون و بێ لایەن بێت .لەکاتی کانوونی یەکەم هەموو کەل وپەلی هەڵبژاردن ئامادەکرابوو لە شاری شاررقە لە وولاتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو.کە ئامادە بوو بۆ 6219 بنکەی دەنگدان و 31500 ویستگەی دەنگدان ,بەڵام چەند تەنگ وچەڵەمەیەك مایەرە بۆ نموونە وەکو ژمارەی فەرمانبەرانی کە سکاڵاکان چارەسەر دەکەن و تەنگ وچەڵەمەکانی کە پەیوەندی هەبوو بە لیستەی دەنگدەران .

لەرۆژی هەڵبژاردن دەرگای 97٪ لەویستگەکانی دەنگدان کرایەوە و 76.4٪ لەدەنگدەرانی تۆمارکراو دەنگیان دا (چگەلە دەنگدان لەدەرەوە و دەنگدانی تایبەت ) ڕێ درا بە دیل کراوەکان و نەخۆشەکان لە نەخۆشخانەکان و لەبنکەکانی پۆلیس و هێزە چەکدارەکان بەرێژەی 68٪ لە دەنگدەرانی تۆمارکراو لە بەرنامەی دەنگدانی تایبەت کە دەنگ بدەن لە 12 کانوونی یەکەمی 2005 .بەشێوەیەکی گشتی باری ئاسایش باش بوو لە رۆژی دەنگدان کە توند وتیژی کەمتربوو لە هەڵبژاردنی پێشوودا .هەروەها ڕێژەی بەشدارکردنی سوونە زوور بوو لەم کردارەدا بەتایبەتی لە پارێزگای ئەنبار (86.4٪)و سەلاح الدین (98.4٪) .

کرداری ژماردن و جیاکردنی ئەنجامەکان کرا بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە وئانجامەکەی ڕاستەقینە بوو .لەگەڵ ئەوەشدا کەئەنجامەکان یەك سان نەبوو لە زۆربەی پارێزگاکاندا (کە گەورەترین قەوارە سیاسی زیاترین ڕێژەی هێنا کە 90٪ ) ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ڕوودانی تەزویر و هەرەشەکردن لە دەنگدەران لە ناوخۆ .ئەنجامی رژێمی نواندنی ڕێژەیی کە پشت پێ بەسترا بۆ دابەش کردنی کورسی یەکانی نوێنەران لەسەر 11 قەوارەی سیاسی لەکاتێکدا کە بژاردنی 4.83٪ دەنگەکان لەسەر قەوارەیەکی سیاسی لە نێوان ژمارەیەك لە قەوارەسیاسی یەکان کە سەرکەوتن یان نەهێنا لە کورسی یەکاندا,لێ کۆلینەوەی کۆمسیۆنی باڵا لە سکاڵاکان وچارەسەرکردنی بوو بە هۆی درەنگ کەوتن لە بلاوکردنەوەی ئەنجامەکانی کۆتایی هەتا 20 ی کانوونی دووهەمی 2006 .

1985 سکالاَ پێشکەش کرا بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق ,58 لەم سکالاَنە داندرابوو کەمەترسی هەیە لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن .بەڵام لێکۆلینەوەی کەکرا ئەنجامی 227 ویستگەی دەنگدان لابردرا.کە ڕێژەی 1٪ لەکۆی ژمارەی ویستگەکانی دەنگدانە هەروەها کاری بەسەر ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردن کەم بوو کە بلاو کرا لە 20 کانوونی دووەمی 2006 ,ولێرەشدا ئەبێت باس بکرێت کە کۆمسیۆنی بالاَ کاری ئەکرد بەرامبەر سکالاَکانی کە پێ ی گەیشت .

## پێشەکی :

دامەزراندنی لە مانگی کانونی یەکەم لە ساڵی 2004 بوو , بۆ هەڵسەنگاندنی ئامادەکردن لە هەڵبژاردنی عێراقی و پێش کەش کردنی زانیاری و شارەزایی لە کاتی کارکردن و چالاکی کە بەردەوام بوو و بە سێ هەنگاو لە ماوەی ساڵی 2005 . نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی کە پێك هاتووە لە چەند پەیکەرێکی بێ لایەن بۆ بەڕێوە بردنی کاری هەڵبژاردن لە چەند وڵاتێکدا چەند یارمەتیەکی گرنگ پێشکەش دەکات بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی بۆ هەڵبژاردن لە عێراق.بۆ زانیاری زیاتر سەردانی شوێنی ئەلکترونی www.imie.ca بکە.

نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی هەستا بە هەڵسنگاندنی هەڵبژاردنی تشرینی یەکەم 2005 باش پێش کەش کردنی ڕاپۆرتی لەسەر هەڵبژاردنی کانوونی دووەمی 2005 , وئەم هەڵسنگاندنە بلاو کرا لە هەمان ڕۆژدا .بەدوای ئەم ڕاپۆرتە کۆتایدا هەڵسنگاندنی پێشەکی یت کە پشت دەبەستێ بە کۆمەڵەیەك لە سەرچاوەی زانیاری یەکانی کە بەدەست گەیشتووە لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق لەگەڵ ڕاپۆرتەکانی کە پێش کەش کراوە لەلایەن کۆمەڵەکانی چاودێری کردنی هەڵبژاردنی ناوخۆ لە عێراق ولە دەرەوەی ,ئەم خاڵانەش ئەوەیە :

- چوارچێوەی یاسایی
- تۆمارکردنی دەنگدەران
- باوەر پێ کردن بە قەوارەسیاسی یەکان و ئیتلافەکان و هەڵبژێراوەکان
- فێرکردن و ڕاگەیاندنی دەنگدەران
- ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن
- توانای گەیشتن بە ڕاگەیاندن
- هەڵبژاردن
- جیاکردنەوەی دەنگەکان و کۆکردنەوەی ئەنجامەکان
- کرداری جێ بەجێ کردنی سکالاَکانی هەڵبژاردن

نێردراوی نێودەوڵەتی پیاچونەوەیەکی قوڵی پێشکەش کرد لە پێش و لەکاتی و لە دوای هەڵبژاردنی 15 تشرینی یەکەم . پسپۆرکی نێودەوڵەتی هەستا بە ئامادەکردنی هەڵسنگاندن بۆ هەموو بەشە جۆراوجۆرەکانی کرداری هەڵبژاردن بەڕێگای ڕێژەکان و پرسیارەکانی کە لیژنەی ڕاسپاردە دایناوە بە پشتبەستن لەسەر بروانامە یاسایی یەکان و ڕێکخراوەکان کە کۆمسیۆنی بالا پەرەی پێ دا ,لەگەڵ ئەو زانیاری یانەی کە پێشکەش کرا لە لایەن نوسینگەکانی نێردراوی نێودەوڵەتی یەوە لە عەمان و بەغدا .مەبەستی گەورەش ئەوەیە دروست کردنی توانایەکی دەستگایی بۆ کۆمسیۆنی بالاَ لەسەر ڕێگای بەشداری کردن بەزانیاری یەکان و لێزانین , مەبەستی نێردراوی

نێودەوڵەتی ئەوەیە کەیارمەتی و پشت گیری کۆمسیۆنی باڵا بکات بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەگەڵ پارێزگاری لەسەر شێوەی هەڵسنگاندنی کرداری هەڵبژاردن لە عێراق.

## پێك هاتنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن وچۆنێتی کاردەکات.

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق دامەزرا لە لە ساڵی 2004 بەپێ ی بریاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە 1483 و 1511 ,وبەپێ ی یاسای بەرێوەبردنی وولاتی عێراقی بۆ ماوەی ئینتیقالی کە دەقی یاساکا ئەڵێت کە مللەتی عێراق پێویستە حکومەتی خۆی هەڵبژێریت بە پێ ی هەڵبژاردنێکی سەربەست و بڕواپێکراو.و بەپێ ی یاسای دەسەلاتی ئیتلافی کاتی ژمارە 92 ,کە دەسەلاتێکی یاسایی بوو بۆ بۆ دامەزراندنی کۆمسیۆنی باڵا.و ئەم کۆمسیۆنە بێ لایەنە لە دەسەلاتی یاسادانان و کارگێری حکومەت ودادەندرێت بە دەسەلاتی تەنهایی بۆ هەلچبژاردن لە عێراق.

وکۆمسیۆنی باڵا پێك هاتووە لە هەشت ئەندامی عێراقی کە یەکێك لەم ئەندامانە بەرپرسی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنە کە بۆی نی یە دەنگ بدات,وئەندامێکی نێودەوڵەتی کە بۆی نی یە دەنگ بدات کە دامەزراوە لەلایەن وولاتە یەکگرتووەکان.هەموو ئەندامەکان هەڵبژێران لەلایەن لیژنەیەکی نێودەوڵەتی سەر بە وولاتە یەکگرتووەکانە و پێك هاتووە لە چەند قازی یەك و شارەزاکانی یاسا.بەلاچم دوای هەڵبژاردنی دەستوور و دامەزراندنی حکومەتێکی تازە ودوای تەواو بوونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران کاری کۆمسیۆنی باڵا تەواو دەبێت ودەگۆردرێت بە دەزگایێکی تازە کە کار دەکات بەپێ ی دەستوور.

1- پەرەپێدانی چوارچێوەی یاسایی بۆ دامەزراندن (ولابردن) ئەندامی ئەنجومەن ,ئەمەش بێ لایەنی ئەندامەکانی کۆمسیۆن دەچەسپێنیت ,وباوەری دەردەخات لە نێوان دەنگدەران و قەوارە سیاسی یەکان وهەڵبژێرەکان.

2- پێداچوونەوە بە ژمارەی فەرمان بەرانی هەڵبژاردن ,ئایە توانای کەم کردنەوەی ژمارەیان هەیە ؟

3- پێداچوونەوە کە پێویستە هەموو ژمارەی فەرمانبەرەکان کار بکەن بەدەوامێکی تەواو ,ئەگەر ژمارەی فەرمانبەران لە سێ دانە زیاتر بوو ئەتوانن هەندێکیان کار بکەن بەدەوامێکی کەم .

4- دامەزراندنی a term of appointment of commissioners وبریاردان لەسەر شێوەی دامەزراندنی فەرمانبەران وکاتی دامەزراندنیان ,کە شارەزایی خۆیان بەردەوام بێت .

5- دەرخستنی یاسای بەرێوەبردنی کاری کۆمسیۆن وشێوەی بریاردان ,کە بریتی یە چونێتی جیاکردنەوە لە نێوان دەسەلاتی کۆمسیۆن (کە یاسا دەردەخات ) و بەرێوەبردنی هەڵبژاردن (کە کار دەکات بەپێ ی ئەم یاسانە ).

6- روون کردنەوەی دەسەلاتی کەدراوە بە بەرێوەبەری بەرێوبەرایەتی هەڵبژاردن لەکاتی هەڵبژاردندا کە بتوانێت کار بکات بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە کەڵ تەنگ وچەڵەمەکان کە دێتە پێش لە کاتی هەڵبژاردندا ,بەمەرجێك کە ڕاگەینیتە ئەنجومەنی کۆمسیۆن و پەرلەمان لە دوارۆژدا .

7- ئەبێت دارایی یەکی تەواو بدرێت بە کۆمسیۆنی باڵا وبەردەوام بەرپرس بێت بەرامبەر پەرلەمان (نەك حکومەت ) بەتایبەتی پارە خەرج کردن لە کاتی هەڵبژاردن.

نێردراوی نێودەوڵەتی ڕادەسپێری کە ئەنجومەنی نوێنەران یاسایەك دەربڕێ بەڕامبەر لادان لە یاسای دەنگدان ,کەبریتیبێ لە فەرمایشتەکانی سزادان بەڕامبەر ئەو کەسانە یان دەزگایانە کە لەم یاسایە لادەدەن .هەروەها دەزگایەکی بێ لایەن دامەزرێت کە لێکۆڵینەوە بکات لەم لادانە لە یاسای دەنگداندا,هەروەها ئەم دەزگایە بۆی هەیە کە دادگایە دامەزرێنێت بۆ بڕیاردان بەرامبەر ئەم لادانە لە یاسای دەنگدان.

## چوارچێوەی یاسایی

هەروەکو هەڵسنگاندنی نێردراوی نێودەوڵەتی نیشانەی کرد سەبارەت بە کرداری هەڵبژاردن کە رووی دا لە کانوونی دووەمی 2005 , هەموومافە سیاسی یەکان کەپەیوەندی هەیە بەسەربەستی پارێزراوە بە پێ ی یاسا لەگەڵ ئەو بارودۆخە ئاسایشە سەختە و گۆرانکاری یە سیاسی یەی کە لەیادا نەبوو , یاسای هەڵبژاردن بناغەی پێویستەکانی هەڵبژاردن دائەنێت ( زەگەز نامەی عێراقی , تەمەنی هەڵبژاردن "18" ساڵ , وتۆمارکردن بۆ هەڵبژاردن بەپێ مەرجەکانی کۆمسیۆنی باڵا ) , و ریگای هەڵبژاردن ( دەنگەکانی گشتی بە شێوەیەکی ڕاستە وخۆ و نهێنی ) , شێوەی پرسیار سەبارەت بە هەڵبژاردن ( ئایا رێك دەکەوێت لەگەڵ دەستوور دا ؟ ) ئەم رستەیە شایەنی باسە لە ڕوون کراوەیی و کورتیدا .

چوارچێوەی یاسایی کە کرداری هەڵبژاردن لە عێراق بە شێوەیەکی گشتی بە رێوە ئەبات رێك دەکەوێت لەگەڵ ریژەکانی دیموکراتی ناسراو , هەروەکو نیشانەکرا لەلایەن هەڵسنگاندنی نێردراوی نێودەوڵەتی لە هەڵبژاردنی کانوونی دووەم 2005 , پێویستە رژێمەکانی کەدەرچووە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵا کۆ بکرێتەوە لە یەك پەیکەری یاسایدا , ئەمەش وادەکات کە بەکارهێنانی ئەم رژێمانە ئاسان بەکار بهێندرێت .

ناوەرۆکی یاسای هەڵبژاردن بۆ برواکردن لەسەر دەنگدانی دەستوور دوو داواکاری یە : " بڕوا دەکرێت بە دەستوور ئەگەر زۆربەی دەنگدەران لە عێراق بێ ی قایل بوون و ئەگەر رەتنەکرا لەلایەن دوو بەشی دەنگدەران لە سێ پارێزگا یان زیاتر " مەبەست لەم داواکاری دووانەیە ئەوەیە چەسپاندنی خاوەنێتی هەموو بەشەکان بۆ دەستوور . وپێویستە دیاکردنی دەنگەکانی هەرێمەکانی تایبەت بکرێت و لەم کاتەدا پێویستی بەدەنگدان و هەڵبژاردنی دەرەوەی وولات ناکات .

ولێرەش پرسیارێك هاتە پێش لەسەر مانای " زۆربەی دەنگدەران " و " رەتنەکرا لەلایەن دوو بەشی دەنگدەران لە سێ پارێزگا یان زیاتر" , بەڵام ڕوون کردنەوەی ئەم بابەتە تێبینی ئەوە ئەکات کە لاپەرەکانی دەنگدانی نیشان کراو تەنها پێ قایل ئەبێت ولاپەرەکانی بەتاڵ و راگیراو لادەدرێت . رژێمەکانی کۆمسیۆنی باڵا لەم بابەتە ڕوون کراوەیە , پاشکۆی فەرمایشتەکانی دەنگدان و جیاکردنەوەی

تایبەت بە هەڵبژاردن ڕوونی کردەوە چۆنێتی جیاکردنەوەی دەنگەکان بە "بەڵێ " یان "نەخێر" و لاپەڕەکانی دەنگدانی بەتاڵ و ڕاگیراو بە تێر وتەسەلی وئامۆژگاری ئەدات بە فەرمانبەری بەرپرس بۆ ڕوون کردنەوەی ئەنجامەکان کە پەیوەندی هەیە بە ژمارەی دەنگەکان بە "بەڵێ" یان "نەخێر" بۆ هەموو ئامادەبووەکان .

کرداری هەڵبژاردن جێ بەجێ کرا لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق ( کەباسی کراوە لە ڕەشنووسی دەستووردا بە ناوی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق ) . بۆ پارێزگاری کردن لەسەر نموونەی لە ژێردەست بۆ پەیکەری بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی جیهانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی لەبەشی کارگێری لەحکومەت بەر پرسە بەرامبەر هەستان بە هەموو کاروبارەکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی تەواوەتی . کەباسی کراوە لە ڕەشنووسی دەستووردا لەگەڵ کۆمسیۆنە باڵاکانی تر لەکۆماری کەدەکەوێتە ژێر چاودێری کردنی ئەنجومەنی نوێنەران و کە یاسا کاروبارەکانی ڕێك دەخات .لیژنەیەکی دەرەوەی دادوەران سەیری ئیستئنافەکانی تایبەت بەبڕیاری کۆمسیۆنی کۆتایی دەکات , کۆمسیۆنی باڵا دارایی دەکرێت لەیانەن حکومەتی عێراقی و بۆی هەیە کەداوای پاڵپشتی دارایی نێودەوڵەتی بکات , و وولاتە یەکگرتووەکان بۆی هەیە کەهەستێ بە کاری ڕاوێژگاری و بەڕێوەبردن و پێشکەش کردنی دارای ,ئەنجومەنی کۆمسیۆن پێك هاتووە لە ئەندامی ناوخۆ و نێودەوڵەتی و 7 ئەندامی عێراقی کە بۆیان هەیە دەنگ بدەن و ئەندامێك کە بۆی نی یە دەنگ بدات و ئەندامێکی نێودەوڵەتی کە بۆی نیە دەنگ بدات هەر وەکو کاتی هەڵبژاردنی کە ئەکرێت لەکاتی ئاژاوەدا.

ڕژێمەکانی تازە کردنەوەی لیستەی دەنگدەران جێ بەجێ دەکرێت کەداندراوە لە ساڵی 2005 بۆ دەنگدان و هەڵبژاردنی نوێنەران کە دەکرێت لە کانوونی یەکەمی 2005 . ڕاستی یە زانستی یەکان ئەبێتە ڕژێمی دابەش کردنی گشتی بۆ بناغەی لیستەی دەنگدەرانی عێراقی , کە پەرەی پێ درا لە ڕێگای چاکردنەوە لە ماوەی تۆمارکردن و پیشاندانی لیستەکانی دەنگدەرانی سەرەتایی لە کانوونی دووەمدا و جارێکی تر پێش دەنگداندا . ڕژێمی دابەشکردن ئاواکراوە بەپێی خێزانەکان , تۆمارکردنی خێزانی سەرەتای ڕێکخستنە . لە هەموو کاتێکدا هەموو زیادبووەکان و ڕاستکردنەوەکان و ڕاگرتووەکان جێ بەجێ کرا لەسەر بناغەی تەنیایی , فەرمایشتەکانی تۆمارکردنی دەنگدەران دەکرێت بە پێشاندانی لیستەکانی دەنگدەران بۆ پشکنینێکی گشتی لە شوێنە دیارەکان وەکو قوتابخانەکان و بنکەکانی تۆمارکردنی دەنگدەران , وکۆمسیۆنی باڵا بەر پرسە لەسەر ڕاگەیاندنی دەنگدەران بە شوێنەکانی کە ئەم لیستانەی تێدایە .

بڕیارەکانی تایبەت بە ڕەخنەگرتن بەسەر لیستەکانی دەنگدەران بڵاو ئەکرێتەوە لەبەروارێکدا کە تێناپەرێت لە یەك ڕۆژ پاش کۆتایی ماوەی پێشاندان و ڕەخنە گرتن .ئەگەر دان درا بە ڕەخنەگرتنەکەی لەلایەنێکی سێ هەمەوا ناوی ئەو کەسەی ڕەخنەی بەسەر گیراوە دەمێنێت لە ناو لیستەکەدا ,بەڵام ناوەکە دیاری دەکرێت بە ڕەخنە لێ گیراو .پێویستە لەسەر بەڕێوەبەری ویستگەی دەنگدان داوا لەم کەسە بکات بەسەلماندنی کەسێتی خۆی بکات بۆ دەنگدان لە ڕۆژی هەڵبژاردن . ئەوەش مانای ئەوەیە کە ناوی هیچ کەسێك ناسرێتەوە لە لیستەکەدا بەبێ نەبوونی سەلماندنی کەسێتی .

هەڵسنگاندنی ڕژێمەکان و یاساکانی تازە کردنەوەی تۆمارکردن جێ بەجێ کرا بەشێوەیەکی گەشبین .ئەمەش ئەوە ڕوون دەکات کە مافی دەنگدەران بۆ هەڵبژاردن هەیە لە ڕێگای ئاسان کردنی کرداری تۆمارکردن .پاشگۆی فەرمایشتەکانی تۆمارکردنی دەنگدەران دائەندرێت بە بروانامەیەکی ڕێك وپێك و ئاسان بەکاردەهێندرێت , کە ڕێگا نادات بە فەرمانبەرانی تۆمارکردن کە هیچ بڕیارێکی تایبەت بەخۆیان بدەن .

رەوشتەكانی كاری قەوارە سیاسی یەكان و ئیتلافەكان بەكارئەهێنرێت لە هەڵبژاردن و دەنگدانی كانوونی یەكەم ,پێویستە لەسەر هەموو قەوارە سیاسی یەكان كە بە پێ ی ئەم رەوشتانە برۆن بە شێوەیەكی رەسمی.ئەبێت ئەم

رەوشتانە ویاسایانە بەرێوە بچێت بەشێوەیەكی یاسایی و بێ لایەنی و سەربەخۆیی . یاساكانی پەیوەندی هەیە بە تۆماركردن و قەوارەسیاسی یەكان و خۆهەڵبژێرەكان ئەبێت فراوان بێت و ئاسانی بەشداری كردنی هەموو خۆهەڵبژێرەكان بكات جگەلە ئەندامانی رژێمی بەعسی فاشست . رێگا ئەدرێت بە نوێنەرانی قەوارە سیاسی یەكان و چاودێرەكان بۆ چونە ژورەوەی بنكەكانی تۆماركردن بۆ چاودێری كردنی كردارەكە لەماوەی تازە كردنەوەی لیستەی دەنگدەران .ورێ دان بە یەك نوێنەری هەر قەوارەیەكی سیاسی بۆ چونە ژورەوەی ویستگەی دەنگدان لەكاتی هەردوو كرداری دەنگدان و جیاكردنەوە . نوێنەرانی قەوارە سیاسی یەكان مافیان هەیە كە ئامادەبن لە هەموو كردارەكانی كە دەكرێت لە بنكەی دەنگدان و بۆیان هەیە كە ببنە شاهێت لە هەر ویستگەیەكی دەنگداندا .
رژێمە تازەكان جێ بەجێ دەكرێت " رژێمەكانی كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق " كە دەركرا بەتایبەتی چالاكی یەكانی پرۆپاگەندەكانی هەڵبژاردن بە شێوەیەكی یاسایی هەموو سەربەستی یەكانی راگەیاندن كە پەیوەندی بە كرداری هەڵبژاردنەوە هەیە دەهێنێتە دی .ئێستاش یاساكانی تایبەتە بە دارای هەڵبژاردنەوە دادەندرێت , ئەمەش خاڵێكی لاوازە كە دیاری كراوە لەلایەن نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی لە راپۆرتەكەی دا لەسەر هەڵبژاردنی كانوونی دووەمی 2005 , كە پێویستە دڵنیابن لە چۆنێتی بەرێوەبردنی دارای تایبەت بە هەڵبژاردن . لەگەڵ ئەوەشدا روون كردنەوەی كە هەر یەكێك لە قەوارە و ئیتلافە سیاسی یەكان بەر پرسە لەسەر خەرجی و فەرمایشتەكانی بەرێوەبردنی گەشتی هەڵبژاردن .

فەرمایشتەكانی هەڵبژاردن و جیاكردنەوەی دەنگەكان داندرا بە پێ ی رێژەكانی دیموكراتی , لەگەڵ جۆرێكی پێش كەوتوو لە هەڵبژاردن بۆ گیراوەكان و نەخۆشەكان لە نەخۆشخانەكان . دروست كردنی پاشكۆی تایبەت بە هەڵبژاردن و جیاكردنەوە كرا بە رێگایەكی باش و روون كراوە و ئاسان بەكارهێنان .

بەڵام , نەبونی دەقێكی یاسایی رێگابدات بە نوێنەری قەوارە سیاسی یەكان كەبتوانن ئەنجامی جیاكردنەوە لە ویستگەكانی دەنگدان بزانن ,هەروەكو لە هەڵبژاردنی كانوونی دووەم , لادانێك لە فەرمایشتەكانە .و هەروەها تەنگ وچەڵەمەیەكی تر دێتە پێش كە بروارێكی كۆتایی نی یە بۆ بلاوكردنەوەی ئەنجامەكانی پێشەكی و ئەنجامەكانی كۆتایی لە لایەن كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق. و لەكۆتایی دا تەنگ وچەڵەمەیەكی تر هاتە پێش كە ئەوەیە كام پەنجیە ئەخرێتە ناو مۆری دەنگداندا .

پەرەپێدانێكی تازە رووی دا بۆ بریاردان بەتایبەت سكالاكان لە كاتی هەڵبژاردنی كانوونی دووەم 2005 .بابەتی یەكەم ئەوەیە دانانی بەروارێكی كۆتای بۆ پێشكەش كردنی سكالاكان ئەم ماوەیەش كورت كرایەوە لە 7 رۆژ بۆ 3 رۆژ دوای رودانی لادان . دووەم ,ئێستا توانای پێشكەش كردنی سكالا هەیە بە رێگای پۆستی ئەلكترۆنی , سێ یەم ,گوێزانەوەی بەرپرسێتی دانای بریاری تایبەت بە سكالای كە پەیوەندی هەیە بە لیستەی دەنگدەران لە نۆسینگەكانی پارێزگای هەڵبژاردن بۆ بەرێوەبەرانی بنكەكانی تۆماركردن ,كەبۆیان هەیە بریاریان لەسەر دەربكەن بەتایبەتی رەخنەگرتن بۆ ماوەی یەك رۆژدا لە بەرواری تەواوبونی پێشاندانی لیستە و رەخنەكان. بەڵام لێرەدا تەنگ وچەڵەمەیەك هەیە كە دیاری كراوە لە هەڵبژاردنی كانوونی دووەم كە چارەسەر نەكرا لە دەنگداندا

,ئەوەش بەهۆی نەبوونی کاتێکی دیاری کراو بۆ شیکاری سکالاٌکان لە لایەن ئەنجومەنی کۆمسیۆن , هەروەها کاتێکی دیاری کراو نی یە بۆ پێشکەش کردنی وەلاٌمەکان بەسەر سکالاٌکان یان بڕیاردانی ئەنجومونی کۆمسیۆن .

چ جیاوازی یەك نی یە لە دەقەکانی کە تایبەتە بە چاودێرەکانی ناوخۆ و نێودەوڵەتی لە ماوەی دەنگداندا لەگەڵ ئەوەی کە جیٚ بەجیٚ کرا لە هەڵبژاردنی نوێنەران لە 30 کانوونی دووەمی 2005 ئەمەش ڕێك دەکەوێت لەگەڵ ڕێژەکانی نێودەوڵەتی کە ناسراوە.

## ڕاسپاردەکانی تایبەت بە داوای دادگا یاسایی یەکان :

1- دانانی کاتی تایبەت بۆ شیکاری سکالاٌ و پیٚ ڕاگەیاندنی سکالاٌکەر بە شیکارەکە و وەلاٌمدانەوەی.
2- دانانی کاتی تایبەت بۆ بلاٌوکردنەوەی ئەنجامەکانی سەرەتایی و ئەنجامەکانی کۆتایی رەسمی لە لایەن کۆمسیۆنی بالاٌی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق .
3- خوێندنی توانای پێدانی کۆپی یەك لە ئەنجامەکانی ئیمزاکراو لەلایەن بەرپرسی جیاکردنەوە بە نوێنەری قەوارە سیاسی یەکان و رێکخراوە بیانی یەکان .
4- یەك بوونی ڕژێمەکانی کۆمسیۆنی بالاٌی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق لەیەك پەیکەری ڕێکخراودا.
5- پەرەپێدانی چوارچێوەی یاسایی و ڕێکخستن و دارایی سیاسی لەگەڵ پەرەپێدانی توانای جیٚبەجیٚ کردنی .

## تۆمار کردنی دەنگدەران :

کۆمسیۆنی بالاٌی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق لەنێوان 3-31 ئاب هەستا بە تازەکردنەوەی لیستەی دەنگدەران کە بەکار هێنرا لە هەڵبژاردنی 30 کانوونی دووەمی 2005 دا . ماوەی کرداری تازەکردنەوە زیاد کرا بۆ یەك هەفتەی زیاتر تا بەرواری 7 ئەیلوول لە پاریزگای ئەنبار بەهۆی سەختی دامەزراندنی بنکەکانی تۆمارکردنی دەنگدەران . کرداری تۆمارکردنی دەنگدەران لە عێراق سەرکەوتوو بوو , کە 1.2 ملیۆن دەنگدەر تۆماریان کرد بۆ دەنگدان لەگەڵ ئەوانەی کە تەمەنیان گەیشتە تەمەنی دەنگدان لە ساڵی 2005 ( بەپیٚ ی ڕاستە زانستیەکانی ڕژێمی دابەشکردنی گشتی ) , ژمارەی دەنگدەرانی تۆمارکراو زیادی کرد لەماوەی کەکەوتۆتە نێوان کانوونی دووەم و تشرینی یەکەم 2005 لە 14.3 بۆ 15.5 ملیۆن دەنگدەر بەرێژەی زیاتر بە 8٪ .

وون بوونی ڕاستی یە زانستی یەکانی دیمۆگرافی کۆمەلاٌیەتی باوەر پیٚ کراو وای کرد کەرداری هەڵسنگاندنی لیستەی دەنگدەران کارێکی زۆرگران بێت بەلاٌم ئەگەر ژمارەی دانشتوانی عێراق لە نێوان 26 تا 27 ملیۆن عێراقی بێت , لە نیوە زیاتر دەکەونە ژێر تەمەنی یاسایی یەوە , ئەبێت لیستەی دەنگدەران ڕێژەیەکی گەورەی داپۆشی لە ژمارەی دانشتوان کە گەیشتونەتە تەمەنی هەڵبژاردن کەئەبێت زیاتر وردبین بین بەبەراورد کردن لەگەڵ لیستەکانی پێشوودا .

ڕژێمەكانی یاسایی كە كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق بەپێی كاری كرد تایبەت بە كرداری تازە كردنەوە ڕوون و وردبین بوو . كە ئەم ڕژێمانە توانای دا بە هاوڵاتیان كە دڵنیابن لەتۆماركردنیان لە لیستەكاندا و داوا كردنی تۆماركردن و ڕاست كردنەوەی هەڵەكان و گۆڕینی ویستگەكانی دەنگدان تایبەت پێ یان و ڕەخنەگرتن لەسەر تۆماركردنی هەڵا بۆ هاوڵاتیانی تر .لێرەشدا ئەبێ تێبینی بكرێت كە هاوڵاتیانی كە كۆچی دوایی یان كردوە تەنها ئەوانە كە ناوەكانیان سڕایەوە لە لیستەی دەنگدەراندا . بەڵام فەرمایشتەكانی تایبەت بە داواكردنی بوون بەیەك و دەرچوون و دابەش كردنی لیستەی سەرەتایی و كۆتایی ڕوون نەكراوە بوو .

كرداری تازەكردنەوەی لیستەكان لەوانەیە زیاتر بەكا بوایە ئەگەر لەكاتێكی زوتر دەست پێ بكرایە وبۆ ماوەیەكی زیاتر , ئەم كارەش نیشانەی بۆ كرا لە هەڵبژاردنی كانوونی دووەمی پێشوودا . لەگەڵ ئەوەشدا لیسە سەرەتایی یەكان پێشان نەدرا هەتا هەفتەی كۆتایی لە ماوەی تۆماركردندا . و ڕوون كراوە نەبوو كە ئەم لیستانە بریتی یە لە ڕاست كردنەوە و یان تۆماركردنەوە لە دوو مانگی تشرینی دووەم و كانوونی یەكەم لە ساڵی 2004 , ئەوەی ڕوون كراوەش بوو كە نەبوو بەیەك لەگەڵ لیستەكانی كە بەكارهێندرا لە هەڵبژاردنی كانوونی دووەم و لێرەش پێویستە نیشانە بكەین بۆ ئەو ڕاستی یە زانستی یانەی كە كۆمسیۆنی باڵا پێشكەشی كرد لە مانگی كانوونی دووەم بەرامبەر پەرەپێدانی لیستەی دەنگدەران دەكەوت كە لێكدانێك هەیە بەتایبەت تازەكردنەوەكان و ناوە دووبارە بوەكان و ژمارە كۆتایی یەكان , هیچ كارێك لەم كارانە ڕوون كراوە نەبوو بەپێ ی ڕاسپاردەی نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی .لەگەڵ ئەوەی كە كۆمسیۆنی باڵا هەستا بە وردبینی یەك لە هەندێ پارێزگاكان كە ڕێژەیەكی نا سروشتی بەدەست هێنا لەكاتی هەڵبژاردنی دەستوور , ئەم لێكدانەش بوو بەهۆی مەترسی بەرامبەر دروست بونی هەڵە لە كرداری تازە كردنەوەی لیستەكانی دەنگدەران .هەروەكو نێردراوی نێودەوڵەتی نیشانەی كرد لە مانگی كانوونی دووەم , كە پێویستی ئەمینێت بۆ پاك كردنەوەی لیستەكان ( سڕینەوەی ناوەكانی ئەو هاوڵاتیانەی كە كۆچی دوایی یان كردووە و دڵنیابوون لە ناوە دووبارە بووەكان و لابردنی ) .

كرداری تۆماركردن پشتی بەست بە چەند ڕێسایەكی ئاسان و ڕوون كراوە و دیاری كراو . كە ناسنامە درا بە دەنگدەران كە ناویان تۆماركرا لە لیستەكاندا و ئەوانەی داوای گۆڕینی بنكەكانی هەڵبژاردن یان كرد كە هەڵدەستن بە دەرخستنی لە ڕۆژی دەنگدان تا بتوانن دەنگ بدەن هەتا ئەگەر ناوەكانیان دەرنەكەوت لە لیستەكاندا .ئەم ڕێسایانەش ڕێك دەكەوێت لەگەڵ دووركەوتنەوە لە تەنگ و چەڵەمەكانی كە بەرەنگاری كۆمسیۆن دەبێت لەكاتی دەرچونی لیستەكانی دەنگدەران . بەدڵنیابوونەوە , نموونەیەك داندرا لەگەڵ لیستەی دەنگدەران كە دابەش كراوە لە هەموو ویستگەكانی دەنگدان تا فەرمانبەرەكان توانایان هەبێت تۆماركردنی ئەم هاووڵاتی یانە بكەن كە ناویان دەرنەكەوت لە لیستەی دەنگداندا و توانای دەنگدان یان هەبێت .

بەپێ ی زانیاری یە سەرەتایی یەكان كەوەرگیرا لە 23 تشرینی یەكەم , نزیكەی 86 سكاڵا لە 158 سكاڵا كەپێشكەش كرا لەماوەی كرداری دەنگدان پەیوەندی هەبوو بە لیستەی دەنگدەران .وپێویستە شیكاری هەموو سكاڵاكان كە پەیوەندی هەیە بە لیستەكان و دانانی سزاكان تا ڕێگا نەدرێت بە هیچ لادانیك .

وبۆ دڵنیابوونی هیچ لایەنێكی لاواز لە لیستەكان كە كاردەكاتە سەر ڕاستی و شەرعیەتی كرداری هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنی مانگی كانوونی یەكەمی 2005 ڕایسپارد بەچارە سەركردنی چوار لایەن كەپەیوەندی هەیە بە لیستەی دەنگدەران :

لایەنی یەکەم : کۆمسیۆنی باڵا بریاری دا بە لابردنی 81.297 تۆمارکردنی تازە کە کرا لەماوەی دوو ڕۆژی کۆتایی لە ماوەی تۆمارکردن لە پارێزگای کەرکوك بە هۆی دۆزینەوەی هەڵە کەورەکانی کە لە زۆربەی نموونەکانی تۆمارکردندا هەبوو . ئەم بڕیارە کە ڕووی دا لە کرداری تازە کردنەوەی لیستەکانی دەنگدەران پاڵپشتی هەندێ پێشنیاری رەشبین کەتایبەتە بەم کردارەیە ئەکات , بەڵام لەهەمان کاتدا ڕوون دەکاتەوە کە کۆمسیۆنی باڵا پێگیرە بە پشکنینی هەر لادانێك و ڕاست کردنەوەی لەبەر دەم جەماوەر و خۆهەڵبژێرە سیاسی یەکان . هەروەها پێویستە پشکنینی هەر هەڵەیەك یان لێکدانێك لە کرداری تۆمارکردن لە هەڵبژاردنی مانگی کانوونی یەکەم لە کاتی خۆیدا بکرێت هەتا نەبێتە هۆی ڕەخنەگرتنێکی سەرەکی و بەڵگەنامەیەکی تاوانی لە دەست کاری کردن بە کرداری تازەکردنەوەی لیستەکان .

لایەنی دووەم : تەواوکردنی لیستە و وردبینی دائەندرێت بە دوو کاری گرنگ بۆ دابین کردنی شوێنەکانی نوێنەران لە پارێزگاکان .و بەپێ ی یاسای هەڵبژاردن کە دەرچووە لەلایەن کۆمەڵەی نیشتیمانی گوێزاوە لە 12 ئەیلوولی 2005 , ئەنجومەنی نوێنەرانی کە هەڵدەبژێرێ لە کانوونی دووەمدا پێك هاتووە لە 275 شوێن , 230 لە شوێنانە دابەش دەکرێت بەسەر 18 پارێزگا بەپێ ی ژمارەی دەنگدەرانی تۆمارکراو لە هەڵبژاردنی مانگی کانوونی دووەمی 2005 , لەگەڵ ئەوەی کە ئەم یاسایا دەرگراوە لە مانگی ئەیلوول کاتێك کە دڵنیابوون لە ئەنجامی کرداری تازە کردنەوەی لیستەی دەنگدەران ( کە زیاتر وردبینە ) پێویستە ڕوون کردنەوەی هۆی دابین کردنی 230 شوێن لەسەر داواکاری لیستەی مانگی کانوونی دووەم بوو .لەهەموو کاتێکدا نیشانەکردن دوور دەکەوێتەوە لەوەی کە هیچ گۆرانکاری یەك روو ئەدات لە دابین کردنی شوێنەکان بە هۆی بەکارهێنانی لیستەی هەڵبژاردنی مانگی کانوونی دووەم لەجیاتی لیستەی تشرینی یەکەم /کانوونی یەکەم لەڕاستیدا جیاوازی یەکی کەم بوو .

ناوەرۆکی لایەنی سێ یەك : باسی سکالاکانی دەکات لە ماوەی کرداری تازە کردنەوەی لیستەکان .لەکاتێك کە ژمارەیەکی کەم لە سکالاْ رەسمی یەکان نیشانەیەکی باشە وباشترە پێدا چونەوەی هەموو سکالاْکان و دانانی سزاکان بکرێت ئەگەر ئەمە پێویستی پێ کرد و دانانی فەرمایشتەکانی چاك کردنەوەی پێویست .

لە کۆتایی دا چەند نیشانەیەك هەیە لەسەر ڕاست کردنەوەی ڕێژەکانی یەك بوونی لیستەکانی دەنگدەران کە بۆ بەهۆی شڵەژاندن و هەندی سکالاْ . لە جیاتی تۆمارکردنی ناوەکان بەپێ ی ڕیکخستنی لەلف و بێ هەروەکو چۆن لە کانوونی دووەمدا بوو تۆمارکرا بە پێ ی ژمارەکان کە بۆ بە هۆی شڵەژاندنێك بۆ فەرمانبەران و دەنگدەران ,ڕاپۆرتەکان وای ڕایگەیاند کەئەم کارە بۆ بە هۆی تەنگ وچەڵەمەیەکی ڕاستی لە کرداری هەڵبژاردندا .لەوانەیە ئەم گۆرانکاری یە ئەنجامی یەك بوون و دەرچوونی لیستەکان لە دەرەوەی وولات ,و لەهەمان کاتدا کردارەکە لە ژێر چاودێری کۆمسیۆنی باڵادا نەبوو بەتەواوەتی .واباشترە کە چاودێری کردنی کرداری چاپ کردنی لیستەکان بکرێت لە هەمان شوێن و کردنی گەشتی ڕاگەیاندنێکی بەکار و بەرنامەی مەشق کردنی پێویست بۆ ئاسان بەکارهێنانی هەریەکێك لە لیستەکانی هەڵبژاردنی یەك بوو .

## ڕاسپاردەکانی تایبەت بە لیستەی دەنگدەران :

1- پشکنینی لێکدانەکان و هەڵەکان لە کرداری تۆمارکردندا لە کاتی خۆیدا .
2- ڕوون کردنەوەی هۆی دابین کردنی 230 شوێن لە ئەنجومەنی نوێنەران بە پشت بەستن بەسەر لیستەی بەکارهێنراو لە هەڵبژاردنی کانوونی دووەم لە جیاتی لیستەی مانگی تشرینی یەکەم .
3- پێداچونەوەی هەموو سکاڵاکان کە پێشکەش کراوە لەماوەی کرداری تازەکردنەوەی تۆمارکردن و دەنگدان ,وجێ بەجێ کردنی سزاکان و فەرمایشتە ڕاستکراوەکان بە پێ ی پێویست .
4- ڕێکخستنی گەشتی ڕاگەیاندن و بەرنامەی مەشق پێ کردن بۆ دڵنیابوون لەبەکار هێنانی ڕاست بۆ لیستەکانی دەنگدەران لە ویستگەکانی دەنگداندا .

## فێرکردن و ڕاگەیاندنی دەنگدەران :

چوارچێوەی فێرکردن و ڕاگەیاندنی دەنگدەران بۆ هەڵبژاردن ڕوون کراوەتر بوو لە هەڵبژاردنی مانگی کانوونی دووەمی 2005 . یاسای بەرێوەبردنی گوێزراوە دیاری کرد خولی گۆمەڵەی نیشتیمانی لە ڕاگەیاندن و فێرکردنی دەنگدەران " ئەمەش بە هاندانی گفتوگۆ کردن لەسەر دەستوور بە ڕێگای کۆبونەوەی گشتی ڕێکخراو لە هەموو ناوچەکانی عێراق و بەرێگای ڕاگەیاندن و وەرگرتنی پێشنیارەکان لە هاوولاتیانی عێراقی لە کاتی نووسینی دەستووردا " هەروەکو دەرکەوت " دەرچوونی ڕەشنووسی دەستوور لەماوەی پێش دەنگدان و دابەش کردنی بە شێوەیەکی فراوان بۆ هاندانی هاوولاتیان لەسەر گفتوگۆ کردن لەسەر دەستوور " . ولەلایەن نێودەوڵەتی نوێنەرێکی تایبەتی لە وولاتە یەکگرتووەکان و نێردراوی وولاتە یەکگرتووەکان نێردرا بۆ یارمەتی دانی عێراق ( ڕێکخراوی یونامی ) " بۆ پاڵپشتی گفتوگۆ کردنی نیشتیمانی بەتایبەتی چاك کردنەوەی دەستووری نیشتیمانی لەلایەن جەماوەری عێراق " , بەڵام زانیاری یەکانی کە پێشکەش کرا لەلایەن کۆمەڵەی نیشتیمانی یەوە بۆ جەماوەران کەم و کۆری تیدابوو لە پێشکەش کردنێکی ڕوون کراوە و ڕاستەوخۆ بۆ دەقەکانی سەرەکی دەستوور , کە تاقی کردنەوەی وولاتە یەکگرتووەکان دڵنیابوو لەوەی کە زۆربەی دانیشتووان زانیاری یەکی تەواو یان نەبوو بە ڕامبەر دەستوور .

هەتا ئیستا دەقێکی یاسایی نەزانراوە بە ڕوون کراوەیی لەسەر کارەکانی کۆمسیۆنی باڵا تایبەت بە ڕاگەیاندن و فێرکردنی دەنگدەران , بەپێ ی دەسەڵاتی ئیتلافی کاتی دەبێت خۆلی کۆمسیۆنی باڵا لە ڕاگەیاندنی دەنگدەران ئەمەبێت "یارمەتی دان بۆ دروست کردنی پاڵپشتی کۆمەڵگا و برواکردن بەکرداری هەڵبژاردن لەهەموو ناوچەکانی عێراقدا " لێرەدا ئامۆژگاری دەکرێت بەپێ ی ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتی نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی بەتایبەت هەڵبژاردنی کانوونی دووەمی 2005 بەپێ داچوونەوەی دەقە یاسایی یەکان بۆ دەست کەوتنێکی ڕوون کراو و دیاری کراو بۆ کۆمسیۆنی باڵا بەتایبەت فێرکردن و ڕاگەیاندنی دەنگدەران و بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی هەیە بە پەرەپێدانی بەرنامەی فێرکردنی هاوولاتیان.

لەگەڵ نەبوونی ڕێدانێکی یاسایی ڕوون کراو بەڵام ڕێ درا بە کۆمسیۆنی باڵا بە فێرکردن و ڕاگەیاندنی دەنگدەران کە پێ ی هەڵدەستێت لەلایەن دەزگای ڕاگەیاندنی جەماوەری .ئەم دەزگایەش پێك هاتووە لە چوار بەش : ڕاگەیاندن , زانیاری جەماوەری , پەیوەندی یەکانی دەرەوە و هەڵبژێراوەکان . و لەڕاستیدا هەستان بە دامەزراندنی بەرپرسێك بۆ ڕاگەیاندنی جەماوەری لە 542 نوسینگەی هەڵبژاردنی

بلاوكراوه له هەموو ناوچەكانی عێراقدا . هەروەكو له كانوونی دووەمدا كۆمسیۆنی بالاّ توندی كرد لەكارەكەی لەسەر ڕاگەیاندنی دەنگدەر لەجیاتی دانانی چالاكی یەكان بۆ فێركردنی دەنگدەران ئەم كارەشی بەجێ هێشت بۆ ڕێكخراوە نا حكومی یەكان .باشتر وایە كە دەزگای ڕاگەیاندنی جەماوەری هەڵبستێ به دامەزراندنی بەشێكی تایبەت بۆ داپۆشینی ئەم بابەتە بۆ فێركردنی دەنگدەران .

كۆمسیۆنی بالاّ سەركەوتنێك وپێشكەوتنێكی تێبین كراوی بینی له بابەت فێركردن و ڕاگەیاندنی دەنگدەران لەماوەیەكی زۆر كورتدا , ئەوەی شایەنی باسە لێرەدا كۆمسیۆنی بالاّ هەولێكی زۆری دا ئەم جارە بۆ نوسینگەكانی له گۆرەپانی بەرێوەبردنی گەشتەكانی هەرێمی و بەرێوەبردنی گەشتە جۆراوجۆرەكان بۆ فێركردن و ڕاگەیاندنی دەنگدەران هەروەكو نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی پێش نیاری كرد له ڕاپۆرتە كۆتایی یەكەیدا بەرامبەر هەڵبژاردنی كانوونی دووەم .ئەمەش ئامێرە بەكارهێندراوەكان دەگرێتەوە وەكو تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و رۆژنامە و كەل وپەلی چاپ كراو (وەكو پۆستەرەكان و قەدكراوەكان ,كۆمسیۆنی بالاّ رۆژنامەی دانەنا بە كارێكی بەهێز بە هۆی كەمی ڕێژەی خوێندنەوە ) .هەروەكو شوێنی كۆمسیۆنی بالاّ جێگیركرا لەسەر تۆر و 7 بنكەكانی پەیوەندی پێوەكردن كەداندراوە بۆ یارمەتی دانی دەنگدەران بۆ دڵنیابوونیان له هەبوونی ناوەكانیان له لیستەی دەنگدەران .

وا باشتربوو ئەگەر زانیاری یە تایبەتەكان به دەستوور و كرداری دەنگدان له هەڵبژاردن كۆ بكرێتەوە له یەك پێشاندانی ئاسان و تەواوەتی دا .لەگەڵ ئەوەشدا هەروەكو كۆمسیۆنی بالاّ باسی كرد كە هۆی ئەمە ئەوەبوو دواكەوتنی دانانی دەستوور و تەواوكردنی دەقە كۆتایی یەكەی بەڵام لەگەڵ ئەوەی لایەنە سەرەكی یەكان بۆ بروانامەكە نەگۆردرا لەماوەی دانانی رەشنووسی دەستووردا.

رێكخراوە نێودەوڵەتی یەكان بەشداری یان كرد وەكو تیپی وولاّتە یەكگرتووەكان بۆ یارمەتی دانی هەڵبژاردن و نۆسینگەی وولاّتە یەكگرتووەكان بۆ خزمەتی پرۆژەكان و دەزگای نێودەوڵەتی بۆ رێكخستنی هەڵبژاردن و یەكگرتووی ئەورووپی بۆ پێشكەش كردنی ئامۆژگاری بۆ تیمی كاركردن له كۆمسیۆنی بالاّدا وپێشكەش كردن مەشق كردن بۆ ڕاگەیاندن و چاودێرەكان لەلایەن رێكخراوە ناحكومی یەكان .ئەو بەشانەی كە زۆر گرنگی یان پێ درابوو ئەوەبوون ئافرەتان و كۆمەڵە ڕەگەزی یەكان و لاوان و كەم ئەندامەكان و گیراوەكان و نەخۆشەكان له نەخۆشخانەكاندا , لەگەڵ ئەوەشدا نیشتەجێ یەكانی له ناوچەكانی كە بەشداری یەكی زۆری تێدا نەبوو له هەڵبژاردنی پێشوودا .بنكەی عێراقی بۆ ئامادەكردن و دامەزراندنی ئافرەتان و ئەكگرتووی مەدەنی بۆ هەڵبژاردنی سەربەستی هەستا به زنجیرەیەكی كاركردن بۆ فەرمانبەرەكان له وەزارەتەكانی عێراقدا ,دەزگای نێودەوڵەتی بۆ رژێمەكانی هەڵبژاردن هەستا به دارایی پرۆژەكانی كەم ئەندامەكان ,نوسینگەی وولاّتە ئەكگرتووەكان بۆ بەرێوەبردنی پرۆژەكان دارایی 26 پرۆژەی جیاوازی كرد .هەوەكو نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی پێش نیاری كرد له ڕاپۆرتە كۆتایی یەكەیدا لەلایەن هەڵبژاردنی كانوونی دووەم كە پێویسە بەشداری كردن هەبێت له نێوان قەوارە سیاسی یەكان و رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی و رێكخراوە ناحكومی یەكان له كااركردنی ڕاگەیاندن و فێركردنی دەنگدەران .هەروەها پێویستە مانەوەی ئەم لایەنانە لەبەشداری كردن له كرداری فێركردن و ڕاگەیاندن بەشێوەیەكی بەردوام بێت و له بەشداری كردنیان له پەرەپێدان و دابەش كردنی كەل و پەلەكان .

## ڕاسپاردەکانی تایبەت بە فێرکردن و ڕاگەیاندنی دەنگدەران :

1- پەرەپێدانی کەل وپەلی فراوان بۆ فێرکردنی مەدەنی لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەنگدەران .
2- بە هێزکردنی یارمەتی دان لە نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە عێراق بۆ پەرەپێدان و دابەش کردنی کەل وپەلە تایبەتەکان لەسەر رادەی هەرێمی .
3- ڕوون کردنەوەی چوارچێوەی یاسایی کە خولی کۆمسیۆنی باڵا بۆ فێرکردنی مەدەنی /و فێرکردنی دەنگدەران پێناسەدەکات .

## توانای یەکسانی بۆ گەیشتن بە ڕاگەیاندن :

هەروەکو لە هەڵبژاردنی مانگی کانوونی دووەمی 200 ,لەوەئەچێت کە چاودێری یەکی تەواوەتی نەبوو بۆ ڕاگەیاندن لەلایەن چاودێرەکانی عێراقی یان نێودەوڵەتی یەکان ,لەبەرئەوەش هەڵسنگاندنێکی ڕوون کراوە نی یە لە ڕاگەیاندن .تەنها ڕاهینانی ڕاگەیاندنی کە ڕوون کراوەبوو ئەوەیە خزمەت گوزاری پارچەکانی ڕۆژنامە و پەخشی پێداچونەوە کە پێشکەش کرا لەلایەن نێردراوی وولاتە یەکگرتووەکان بۆ فریاکەوتنی عێراق ,لەگەڵ ئەوەی کە پەخشی نەئەکرا سەرانسەری ڕۆژەکانی هەفتەدا ولەبەر ئەوەش بەبناغەی هەڵسنگاندنێکی وردبین دادەندرێت.

هەڵسنگاندنی ڕاگەیاندن لەم ڕاپۆرتەدا و هەروەکو لە ڕاپۆرتی کۆتایی ی نێردراوی نێودەوڵەتیدا لەسەر کرداری هەڵبژاردنی 30 کانوونی دووەم پشت دەبەستێ خوێندنی خزمەت گوزاری وولاتە یەکگرتووەکان بۆ فریاکەوتنی عێراق و لیستەکان وئەو درێژەباسەی کە پێشکەش کرا لەلایەن خرمەت گوزاری لە پەیکەری ئێتگەی بریتانی بە ڕاپۆرتی ڕۆژانە . هەروەکو پشت دەبەستێ بە گفتوگۆی کەکرا لەگەڵ ژمارەیەکی هاووڵاتی باوەڕپێ کراو .

هەروەکو لە هەڵبژاردنی کانوونی دووەم ڕێز نەگرا لە ڕێسەکانی ڕاگەیاندنی دیموکراتی ,هەرلەگەڵ هەوڵدانێکی ڕوون کراوە بۆ پێشکەش کردنی زانیاری بەتایبەتی ڕەشنووسی دەستوور.بەڵام ڕاگەیاندنی دەولەتی عێراق یەکسان نەبوو لەگەڵ ئەوەی کەهەستان بە چەند هەوڵدانێکی جیاجیا بۆ پێشکەش کردنی داپۆشینێکی یەکسان بۆ هەلبژاردن لێرەدا زۆر لە نموونەکان لەسەر ڕاپۆرتەکان و چاوپێکەوتنەکان ئەوەش ئەوکەسانەی کە دژی دەستوور وکرداری هەڵبژاردن پێشان دەدات , بەڵام ژمارەی بەرنامەکانی کە پشت گیری حکومەت دەکات زیاتر بوو لە ژمارەی ئەم ڕاپۆرتانە .کەناڵی تەلەفزیۆنی عێراقیە رەسمی (عێراقیە) داپۆشینەکەی وێنەیەکی وەهای دەرخست کە لەگەڵ حکومەت و دەستورردا یەک بوو.زۆر گرنگە کە ڕاگەیاندن دان بنێت بە ئەوەی کە حکومەت توانای هەیە بگاتە ڕاگەیاندن بەهۆی داپۆشینی ڕۆژانەی کارەکەی لە بەرێوەبردنی وولاتدا, پێشکەش کردنی مەشق کردن بۆ ڕاگەیاندن لەم بوارەدا کارێکی بەسوودە .

له شاره عێراقی یەکان زۆربەی ماڵەکان (نزیکەی 60٪ ) وهەندی ناوچە گشتی یەکان کەناڵی سەتەلایت یان هەیە , لەبر ئەوە هەندێ لە کەناڵە بیانی کاردەکاتە سەر گەیشتنی زانیاری یەکان لە خاڵە گەشبینی و رەبینی یەکان لە دەستووری بێش نیارکراو بۆ ژمارەیەکی زۆر لە هاەڵاتی یە عێراقی یەکان , کەناڵەکانی هەرێمی ناسراو وەکو عەرەبیە و جەزیرە یەکسان بوو تا ڕادەیەك بەڵام لەهەموو دەمێکدا نەبوو بۆ هەڵبژاردنیان بۆ ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دا ئەکردن .چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندنی تر لەدەرەوە و ناوەوەی عێراق نموونەی تەواوەتی یان پێشکەش کرد لەسەر یەکسانی بۆ پاشەڕۆژ ئەمەش هاندانێکی زۆر باشە .

لێرەدا ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەکان لە عێراق نەیان توانی بەردەوام بن , هەروەکو لە زۆربەی وولاتەکاندا چونکە ئەم ڕۆژنامانە لە ژێر دەسەڵاتی قەوارە سیاسی یەکان دایە لێرەشدا کارێکی سروشتی یە ئەگەر یەکسانی نەبینین لە ڕۆژنامەکاندا . لەبەر ئەوەش هاوولاتی هەوڵ دەدات کە بەشوێن ڕاپۆرتی ورد و بەبێ دەسەڵاتی سیاسی دادەگەرێت بۆ لابردنی حکومەتە هەڵبژێراوەکە بکات بەشێوەیەکی دیموکراتی بکات ئەمەش گرنگی تایبەت ئەدات بە دیموکراتی یە تازەکان.

ئاژانسە نێودەوڵەتی یەکان ڕایگەیاند هەروەکو ئاژانسی ئەمریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵتی و دەزگای دیموکراتی نیشتیمانی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی و دەزگای جەماوەری نێودەوڵەتی و بنکەی ڕۆشنبیری بەریتانی ....هەوەها , بەشداری یەکی سەرەکی یان کرد بۆ پاڵپشتی یەکسانی تا ڕادەیەك لە ڕاگەیاندنی عێراقی ناوخۆدا ئەم رێکخراوانە یارمەتی پێشکەش کرد بۆ زۆربەی رێکخراوە عێراقی یە ناحکومی یەکان بۆ ئامادەکردنی بەرنامەی تەلەفویۆنی و ئێستگەیی و گفتوگۆ کردن و چاوپێکەوتنەکان و بلاوکراوەکان بۆ فێرکردنی دەنگدەران و زۆر شتی تر ,کە بەشی یەکسانی خستە ناو لێ دووانی ڕاگەیاندن نەوە بەرامبەر باشی یەکان و خراپی یەکانی دەستوور و پێویستی بەشداری کردن لە کرداری دیموکراتی دا , بەڕادەیەکی تر بۆستەرەکان دائەندرێت بە کاری گەرێکی تێبین کراو لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا . زۆربەی ئەم پۆستەرە سیاسی یانە وای لە دەنگدەران کرد کە دەنگ بدەن بە "بەڵێ" یان "نەخێر" وهەندێکی تر وایان کرد کە بەشداری نەکەن لە هەڵبژاردندا.و لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخراوە نێودەوڵەتی یەکان دارایی ژمارەیەکی زۆر لەم پۆستەرانەی کە وای کرد هاوولاتی یان بەشداری بکەن لەکرداری دەنگداندا .لەگەڵ ئەوەشدا دەزگای دیموکراتی نیشتیمانی بۆ کار وباری نێودەوڵەتی و ئاژانسی ئەمریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵتی و دەزگای فریدریش ئیبرت و پەیمانگای رۆژنامەی جەنگ و ئاشتی و چەند رێکخراوێکی نێودەوڵەتی تر کە بەشداری یان کرد لە یارمەتی دانی عێراقی یەکان لە هەموو لایەنە جیاوازی یەکانی ژیانەوە لەسەر بەشداری کردن لە لێدوان بەرێگای ڕاگەیاندنەوە . ڕەوشتەکانی کارکردنی ڕاگەیاندن کەدەرچووە لەلایەن لیژنەی نیشتیمانی بۆ گفتوگۆ و ڕاگەیاندن پێش مانگی دووەمی 2005 هیچ دەسەڵاتێکی بەردەوامی لەسەر سیاسەتی تەلەفزیۆن و ئێستگەی عێراقی نەسپێندرا لە کاتی هەڵبژاردندا .لێرەدا هیچ پلانێکی ڕوون کراوە نەبوو بۆ لیژنەی نیشتیمانی یان کۆمسیۆنی باڵا کە ئەم ڕەوشتانە کار گێربێت .هەروەکو نێردراوی نێودەوڵەتی نیشانەی کرد لە ڕاپۆرتە کۆتایی یەکەیدا لەسەر هەڵبژاردنی کانوونی دووەمی 2005 دانانی رژێمەکانی کە پەیوەندی هەیە بە ڕاگەیاندن کارگێرێکی زۆر گرنگە بۆ پارێزگاری کردن لەسەر پاکی کۆمسیۆنی باڵا و کرداری هەڵبژاردن بە شێوەیەکی گشتی .

هەروەکو لەهەموو ئامۆژگاری یەکان و ڕەوشتەکانی کار کە پەیوەندی هەیە بە ڕاگەیاندن ئەم ڕەوشتانەی کارکردنی ڕاگەیاندن لەماوەی هەڵبژاردندا پێویستی بە ڕاست کردنەوە و ڕوون کردنەوە هەیە بە شێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ ئەوەی کەپێویستە کاربکات بەشێوەیەکی یاسایی . هەروەکو پێویستە پێداچونەوەیەك بکرێت لەسەر ئەم ڕەوشتانە لەسەر داواکاری لیژنەی نیشیمانی و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و قەوارە سیاسی یەکان و نوێنەری کۆمەڵگای مەدەنی و بەرێوەبەرایەتی سەرەکی ڕاگەیاندن و نووسەرانی دەنگ وباس .

لەکۆتاییی دا پێویستە نیشانە بکرێت لەسەر گرنگدان بە ڕاگەیاندن و توانای پێ گەیشتنی کەئەبێتە بناغەیەکی بەردەوام بۆ ڕاگەیاندنی دیموکراتی لەگەڵ ئەوەی کە کارێکی زۆر گرنگە لە کاتی هەڵبژاردندا .لەگەڵ ئەوەشدا پێگیر کردنی پەخشی دیموکراتی نابێت تا ڕادەیەکی دیاری کراو بێت بۆ ماوەی چەند هەفتەك لە گەشتی ڕەسمی هەڵبژاردندا.

## ڕاسپاردەکانی تایبەت بە توانای گەیشتن بۆ ڕاگەیاندن :

1- ڕوون کردنەوەی خولی هەریەك لە لیژنەی نیشتیمانی بۆ گفتوگۆ و ڕاگەیاندن و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن کەتایبەتە بە ڕەوشتەکانی کارکردن لە ڕاگەیاندن لە ماوەی هەڵبژاردندا بەتایبەتی بەکارهێنانی ئەم ڕێسا کاریگەرانە .
2- هاندانی هەموو ویستگەکانی دەنگ وباس لە ڕێگای مەشق پێ کردن لەسەر پارێزگاری کردن لەسەر لیستەیەك کە بەردەوام ئاسان بەکار بهێندرێت بۆ داپۆشینی دراو بۆ هەر حزبێك , و هاندانیان بۆ ڕوون کردنەوەی سیاسەتی وڵام دانەوە لەسەر سکاڵاکان و پاداش دانەوەی سکاڵاکەر.
3- دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سەربەخۆی تەواوەتی بۆ چاودێری کردنی ڕاگەیاندن بۆ کارکردن لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق.

## ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن :

لەگەڵ ئەو بارە ئاسایشە وسیاسی یە و لۆجیستی یە سەختەی کە عێراق تێدا ئەژیت ,ڕێکخستن و جێ بەجێ کردنی ئامادە بوون پێش کرداری دەنگدان کرا بەشێوەیەکی ڕێك وپێك .هەروەکو پێشتر باسمان کرد لەم ڕاپۆرتەدا بە ڕێك کەوتنی ناسنامە ڕەسمی یەکان کە چوارچێوەی یاسایی دەنگدان دیاری دەکات لەگەڵ ڕێژەکانی نێودەوڵتی ویەکسانی دابین دەکات بۆ پاراستنی بێ لایەنی کرداری دەنگدان .کردارەکانی لۆجیستی بۆ دەنگدان کرا بەشێوەیەکی ڕێك وتێبینی هیچ تەنگ وچەڵەمەیەك نەکرا .ولەوە ئەچێت کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق سوودی وەرگرت لە کاتی کرداری دانانی چوارچێوەی یاسایی وجێ بەجێ کردنی کردارە لۆجیستی یەکان لە شارەزاییی یەکەی پێشوو لە ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنی کانوونی دووەمی 2005 .

بۆ توانینی خزمەت کردنی ژمارەی بەرەو زیادبوون لە دەنگدەران کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق هەستا بەکردنەوەی نزیکی 6230 بنکەی دەنگدان کە بریتی یە لە 31794 ویستگەی هەڵبژاردن بەرێژەی 5 ویسگەی هەڵبژاردن لە هەر بنکەیەکی دەنگدان وهەر ویستگەیەکی هەڵبژاردن بەکارئەهێنرێت بۆ نزیکەی 500 دەنگدەر.کە وەکو هەڵلبژاردنی کانوونی دووەم دەنگدان نەبوو لە دەرەوەی وولات .

کۆمسیۆنی باڵا ڕژێمی یانسیبی بەکارهێنا بۆ دامەزراندنی فەرمان بەرانی کرداری هەڵبژاردن کە ژمارەیان گەیشتە 140000 لە کۆی 400000 کە پێشکەش یان کردبوو بۆ ئەم کارە . لەگەڵ 5000 فەرمانبەر کە دامەزران لە پارێزگای ئەنبار بەهۆی بار ودۆخی ئاسایشە سەختەی لەوێ .فەرمانبەرەکان مەشق یان پێ کرا لەسەر فەرمایشتەکانی هەڵبژاردن لەنێوان چەند هەنگاوێکی مەشق کردن کە کرا لە عەمان

و بەغدا و نوسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکان و هەرێمەکان .بەڵام بە هۆی کەم بوونی زانیاری یەکان زۆر قورسی هەبوو کە هەڵسنگاندنی مەشق کردن بکرێت لە دەرەوەی وولاّت تەنها لە ئەنجامی ڕۆژی دەنگداندا .

کۆمسیۆنی باڵا پشتی بەست بە 170531 چاودێری وئەمەش ژمارەیەکی زۆر گرنگە . ئەم ژمارەیە بریتی بوو لە 53052 ژاودێری ناوخۆ و نێودەوڵەتی و 117479 نوێنەری قەوارە سیاسی یەکان ,هەروەکو فەرمایشتەکانی دەنگدان و ژماردن بریتی بوو لە چەند رێکخستنێك تا ئەوانە بتوانن هەستن بەکارەکەی خۆیاندا.هەوەکو پێش تر نیشانەمان کرد هیچ دەقێك نی یە رێگا بدات بە چاودێرەکان و نوێنەرانی قەوارە سیاسی یەکان کە گۆپی یەك یان بەدەست بکەوێت لە ئەنجامەکانی جیاکردنەوەی دەنگەکان لە ویستگەکانی دەنگدان .لەگەڵ ئەوەی کەمی کارەبا و ئامێرەکانی وێنەگرتن لە زۆربەی شوێنەکان ,ئەتوانین بڵێین کە ئەم کردارە رێژەیەکی باشی هێنا لە قایل بوونی نێودەوڵەتی و چەسپاندنی شەرعی یەتی هەڵبژاردن .بەم شێوەیەش قەوارە سیاسی یەکان بەرپرسن لە چاودێری جیاکردنەوەی دەنگەکان لەم کاتەشدا دوور ئەکەوینەوە لە سکالاّ کردنیان لەکاتێك ئەگەر ئەنجامەکە نائەڤین بوو.

هەروەکو لە فەرمایشتەکانی دەنگدان و جیاکردنەوەی دەنگەکان لە هەڵبژاردنی کانوونی دووەم بوو ,فەرمانبەری بەرپرس لە ویستگەی دنگدان کیسەیەکی داخراو دەپارێزێ (دەست کاری ناکرێت) کە دەست کاری ناکرێت بۆ پاراستنی کۆپی نموونەی تۆمارکردنی لاپەرەکانی دەنگدان (بەکارهێنراو و بەکارنەهێنراو و بەتاڵ) وئەنجامەکانی هەڵبژاردن. هیچ ڕاسپاردەیەکی تایبەت نەبوو کە بەرپرس چی لەم کیسەیە بکات . ئەوەش مەترسێکی هەبوو لەکاتی گواستنەوەی ئەنجامەکان و ئەوەی کە مەترسی زیاتر بوو ئەم فەرمابەرە بەرپرسە فەرمانبەرێکی بەردەوام نەبوو لە کۆمسیۆنی باڵا.

دەنگدانی گیراوە عێراقی یەکان لە زیندانی ابو غریب و زیندانی بۆقا (لە ام قصر) لەژێر سەرپەرشتی هێزەکانی هاوپەیمانان وهەندی زیندانی تردا لەژێر سەرپەرشتی حکومەتی عێراقی دا بوو وهەڵبژاردنی نەخۆشە عێراقی یەکان لە هەندی نەخۆشخانەکان یەك لە کارە تازەکانی هەڵبژاردن بوو .فەرمایشتەکان بریتی بوو لە دەقەکانی پێویست بۆ دلنیابوون لە سەلماندنی کەسێتی وئاسان کردنەوەی کرداری هەڵبژاردن و کرداری جیاکردنەوە و بلاّوکردنەوەی ئەنجامەکان .هەروەکو ڕوون کردنەوەی کردارەکەی چەسپان بەرێگادانی بە نوێنەرانی قەوارە سیاسی یەکان و چاودێرەکان بۆ چاودێری کردنی کرداری دەنگدان لە نەخۆشخانەکان و زیندانەکان .هەروەکو رێگا درا بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەداپۆشینی کردارەکە بەڵام رێگانەدرا بە بەکارهێنانی کامیرەکان بۆ پارێزگاری تابەتی یەکانی گیراوەکان و نەخۆشەکان .

ئامادە کردنەکانی ئاسایش کرا بەشێوەیەکی وریایی و ویستگەکانی دەنگدان بارێزرا بەسێ بازنەی پاراستن , پۆلیس کاری کرد لەسەر پارێزگاری کردنی ئاسایشی ناوچەکانی چواردەوری بنکەکانی دەنگدان , کە وەزارەتی ناوخۆ کاری دەکرد لە نزیکەوە و وەزارەتی بەرگری کاری دەکرد لە دوورەوە .لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانبەرانی بنکەکانی دەنگدان هەستان بەدڵنیابوون لەوەی کە دەنگدەران هیچ چەکێك یان کەل وپەلی بەترس یان هەڵنەگرتووە .

## ڕاسپاردەکانی تایبەت بە ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن :

1- دڵنیابوون لەنەبوونی هیچ کەم وکوری یەك لە فەرمایشتەکانی دەنگدان و جیاکردنەوە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو و ڕوون کردنەوەی بەشێوەیەکی تەواوەتی.

2- چاکردنەوەی کرداری سازدان و بەردەوام بوون لەگەڵ چاودێرەکانی هەڵبژاردن وکارکردن لەسەر پێشکەش کردنی زانیاری یەکانی تایبەت بە شێوە و ناوەرۆك و پێشکەش کردنی بەرنامەی مەشق پێ کردن بۆ فەرمانبەرانی کۆمسیۆنی باڵا.

3- پێویستە کاری کۆمسیۆنی باڵا بەردەوام بێت هەتا دوای هەڵبژاردنی مانگی کانوونی یەکەم بۆ یارمەتی لە دامەزراندنی رژێمێکی کارکردن بۆ بەرێوەبردنی هەڵبژاردن , لەگەڵ ئەوەشدا دانانی چەند پلانێکی ئیستراتیجی دوور ودرێژ بۆ پشت گرتنی رێکخستنی کردارەکە.

## هەڵبژاردن :

لە ژێر سێبەری ئەم بارودۆخە سیاسی یە وبەردەوامی تەنگ وچەڵەمەکان و نەبوونی ئاسایش , جارێکی تر ئەبێ سوپاسی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق بکەین بۆ رێکخستن و کارگێری کرداری هەڵبژاردن بەشێوەیەکی کارامە ,کارکردن لەسەر دڵنیابوون لەپاکی و شەرعیەتی کرداری دەنگدان .لەگەڵ ئەوەی کە هەستا بەرێوەبردنی سێ کرداری هەڵبژاردن لەماوەی یەك ساڵدا (ئەم کارە بارێکی قورسی ئەخستە سەر هەر دیموکراتی یەك ) ,کۆمسیۆنی باڵا شایەنی باس بوو بۆ توانای بەسەر چارەسەر کردنی تەنگ و چەڵەمەکانی کە هاتە پێش کرداری دەنگدان .کە رێژەی بەشداری کردن لە کرداری دەنگدان گەیشتە 63٪ بەرێژەیەکی زیاتر 5٪ لە رێژەی 58٪ لە کرداری هەڵبژاردنی مانگی کانوونی دووەم ,ئەنجامەکانی کۆتایی رەسمی وای دەرخست کە 79٪ لە دەنگدەران قایل بوون بەدەستوور و 21٪ پێ ی قایل نەبوون .ڕێسای دوو بەشی قایل نەبوونی دەنگدەران بۆ دەستوور نەهاتە دی تەنها لە پارێزگای ئەنبار کە 97٪ بەدەستوور قایل نەبوون و پارێزگای سەلاحەدین 82٪ .

لە هەڵبژاردنی کانوونی دووەم دا زۆربەی بنکەکانی دەنگدان دامەزرا لە قوتابخانەکاندا ,3000 دەنگدەر داندرا بۆ هەر بنکەیەکی دەنگدان بە رێژەی 500 دەنگدەر بۆ هەر ویستگەیەکی دەنگدان تارادەیەك . کۆمسیۆنی باڵا ڕژێمی یانسیبی بەکارهێنا بۆ دامەزراندنی فەرمان بەرانی کرداری هەڵبژاردن کە ژمارەیان گەیشتە 140000 لە کۆی 400000 کە پێشکەش یان کردبوو بۆ ئەم کارە .

5879 بنکەی دەنگدان کرایەوە (94٪) لەژمارەی 6230 بنکە کە بەنیازبوو بکرێتەوە لە ڕۆژی دەنگداندا ,ئەمەش کەم بوو بە رێژەی 5٪ لە رێژەی 99٪ لە بنکەکانی دەنگدان کە کرایەوە لە دەنگدانی کانوونی دووەم دا , بەڵام ئەم رێژەیە رێژەیەکی بەرزە لەگەڵ ئەم بارودۆخە ئاسایشە .زۆربەی بنکەکانی دەنگدان کرایەوە لەکاتە دیاری کراوەکەدا و مانەوەی زۆربەی بە کراوەیی هەتا کۆتایی کرداری دەنگدان .

بەشێوەیەکی گشتی کارگێری فەرمایشتەکان کە بەیوەندی بە دەنگدانی گیراوەکان و نەخۆشەکان لە زیندانەکان و نەخۆشخانەکانی هەڵبژێراو کرا بە شێوەیەکی راست .بەڵام هەندی لە فەرمانبەرانی دەنگدان لەم شوێنانەدا زانیاری تەواتی یان نەبوو بەرامبەر کرداری دەنگدان .کەلەهەندی کاتدا لاپەرەکانی دەنگدان دەمایەوە لە هەندی شوێندا بەبێ چاودێری یەکی ئاسایش .لەگەڵ ئەوەشدا یەك

ڕێکخراوی نا حکومی ڕێ پێ نەدرا بۆ چونە ژۆرەوە لە هەندی زینداندا بۆ چاودێری کردنی کرداری دەنگدان ,واباس کرا لەلایەن کۆمسیۆنی بالاَ کە رژێمی یانسیبی بەکار هێنا بۆ دیاری کردنی کۆمەڵەکانی چاودێران کە ڕێگەیان پێ ئەدرێت بۆ چاودێری کرداری دەنگدان لە بنکەکانی هەڵبژاردندا ,بەڵام ئەم ڕێکخراوە پێ ی ڕانەگەیاندرابوو بەم فەرمایشتە .لە کۆتایی دا یەك فەرمانبەر هێرشی کرایەسەر لە زیندانی ئەبوغرێب ئەم خالاَنەش وا نیشانەی کرد کە توانای چارەسەرکردنی ئەم تەنگ وچەڵەمانە بکرێت بەرێگای مەشق کردنی بەردەوام.
هیچ تەنگ وچەڵەمەیەکی ڕاستەقینە نەبوو لە وەرگرتنی کەل وپەلەکانی کرداری هەڵبژاردن لەگەڵ ئەوەی کە چاودێرە ناوخۆی یەکان تێبینی یان کرد کە کەم وکوری هەیە لە ئامادەکردنی لۆجیستیدا ,وەکو نەبوونی سنوقی دەنگدان وقفڵەکانی لە هەندی لە ویستگەکانی دەنگداندا لە زیندانی ئەبو غریبدا .

شوێنەکانی دەنگدان بارێزرا بەشێوەیەکی زۆر لەلایەن ئەندامەکانی هێزی ئاسایش ,دەنگدەران بەشێوەیەکی گشتی هەستیان بە ئاسایش کرد کاتی ئامادە بوونیان لە شوێنی دەنگداندا.لەگەڵ ئەوەی کە باری سەختی ئاسایش و زیادبوونی لە کاتی هەڵبژاردنی مانگی کانوونی دووەم بەڵام هێرشی ڕاستەوخۆ بەسەربنکەکانی دەنگداندا کەمتر بوو لەوانەی کە کرا لە هەڵبژاردنی پێشوودا.

هێزەکانی پۆلیس و بەرگری بەشێوەیەکی گشتی هیچ کارێك یان نەبوو بەسەر کرداری هەڵبژاردندا و هیچ مەترسی یەکیان نەبوو بۆ دەنگدەران و قەوارە سیاسی یەکان و هەڵبژێرەکان ,بەڵام چەند ڕاپۆرتێك باسی کرد کە هەندێ لە ئەندامانی پۆلیس هاندانی دەنگدەران یان دا بۆ دەنگدان بە قایل بوون بەدەستووری تازە. بەراورد بە هەڵبژاردنی مانگی کانوونی دووەم دا ژمارەی بنکەکانی کە توانای نەبوو بە کردنەوەی دەرگاکانی بە هۆی باری ئاسایش کەمتر بوو . وفەرمانبەرانی دەنگدان بەشێوەیەکی گشتی توانیان کرداری خۆیان بەرێوەببەن بە ئاسایش.
زۆربەی تەنگ وچەڵەمەکان رووی دا لە پارێزگای ئەنبار ,کە هەستان بە فڕاندنی هەندی لە فەرمانبەرانی هەڵبژاردن کە هەتا ئێستا دوا ڕۆژیان نادیارە .لەبەر ئەم هۆیە کە ئەویش باری ئاسایشە 118 بنکەی دەنگدان لە پارێزگایە کرایەوە لە کۆی 207 بنکە (57٪) بەشداری کردنی دەنگدەران لە شارەدا کەمترین پلەبوو لە وولاَتدا . کۆمسیۆنی بالاَ بە شێوەیەکی کاری گەر کاری کرد لەگەڵ ئەم بارەدا کە ڕێگای دا بەدەنگدەران بۆ دەنگدان لە ڕێگای پێشکەش کردنی ناسنامەیەکی ڕاست بۆ نزیکترین بنکەی هەڵبژاردن کە بتوان پێ بگەن بەبێ تەنگ و چەڵەمە ,بەهەمان ڕێگا لە پارێزگای موسڵ هەڵدەستان بە گوێزانەوەی لیستەی دەنگدەران لەهەر بنکەیەکی هەڵبژاردن کە دادەخرێت بۆ بنکەیەکی تر کە داخستنەکە بەهەر هۆیەك بێت ودەنگدەران پێ یان ڕادەگەیندرا بەم گۆرانە .چاودێری ناوخۆ نێودەوڵەتی یەکان (53052) و نوێنەرانی قەوارە سیاسی یەکان (117479) توانیان چاودێری هەڵبژاردن بکەن لە زۆربەی بنکەکانی دەنگداندا ,وتوانی یان کاری خۆیان بەرێوەببەن بەبێ تێکەڵ بوون .بەڵام هەندێ ڕاپۆرت هەبوو لەسەر هەندێ لە فەرمانبەرانی دەنگدان کە بەباشی تێ نەگەیشتبوون لە خولی چاودێران ورێگایان پێ نەدابوون بۆ چونەژوورەوەی ویستگەکانی دەنگدان.

بۆ دڵنیابوون لە ڕوونی کرداری دەنگدان پێش دەست پێ کردنی کردارەکە فەرمانبەری بەرپرس هەڵدەستا بە پیشاندانی سندوقە بەتاڵەکە کە قفڵ کراوە بە قفڵی پلاستیکی کە ژمارەی زنجیرەیی لەسەرە و تۆمارکراوە لە نموونە ژمارە 97 پیشانی دەدا لەبەر دەم هەمووان‌دا.

زۆربە فەرمانبەرانی دەنگدانی بەشداری یان کرد لە هەڵبژاردنی کانوونی دووەم و پشتیان بەست بەم تاقی کردنەوەیە بۆ جێ بەجێ کردنی هەنگاوە جیاوازەکان بۆ کرداری هەڵبژاردن بەشێوەیەکی کاریگەر ,هەروەها فەرمایشتەکانی ئاسایش لە ناو بنکەکانی دەنگداندا کاریگەر بوو وهیچ روداوێکی بەترس رووی نەدا. زۆربەی ویستگەکانی دەنگدان رێکخراوەبوو بە شێوەیەکی تەواوەتی بۆ متمانەکردنی تایبەتی دەنگدەران لە کاتی دەنگدانیان.

هیچ زانیاری یەك بۆ پێشکەش نەکردنی یارمەتی تایبەت بۆ دەنگدەران ,بەڵام ڕاپۆرتەکان وا ڕادەگەینن کە هەستان بە پێشکەش کردنی یارمەتی تایبەت لەکاتی پێویستدا تەنها یەك بار رووی دا .

لەگەڵ بەرێوەبردنی و رێکخستنێکی سەرکەوتوو لە دەنگداندا چاودێرە ناوخۆیەکان پێ یان ڕاگەیەندرا بە ژمارەیەکی تەنگ وچەڵەمە کە رووی دا لە کرداری دەنگداندا ,کە بارەکان ئەوەبوو دەنگدەران تۆماریان کرد بەبێ پێشکەش کردنی ناسنامەی پێویست وچەند باری دەنگدانی دوبارەوەبوو لە پارێزگای ئەنبار و بەغدا و بەسرە و دیالا و میسان و دیوانیە و ناسریە , هەروەکو ڕاگێندرا لەسەر بڵاو بوونەوەی دەنگدانی خێزانی لە حلە و بەعقوبە و هەولێر و چەند ناوچەیەکی تر .

بەترس ترین تەنگ وچەڵەمە کە رووی دا ئەوەبوو کە هەندێ لە فەرمانبەرانی هەڵبژاردن بە هاندانی نوێنەری قەوارە سیاسی یەکان هەستان بە دانانی نیشانەی "بەڵێ" لەسەر لاپەرەکانی دەنگدانی بەکارنەهاتوو و سڕینەوەی ناوەکانی تر لە لیستەی دەنگداندا ودانانی ئەم لاپەرانە لە ناو سنوقی دەنگدان دوای کۆتایی کرداری دەنگدان وداخستنی بنکەکانی دەنگدان , هەروەکو لە هەولێر کە بەشێوەیەکی زۆر دەنگدرا بۆ دەستوور هەندێ لە چاودێری ناوخۆیەکان باسی ئەم جۆرە ڕاهێنانەی کرد کە رووی داوە لە زیاتر لە 24 بنکەی دەنگداندا.
ئەم هەڵە بەترسانە نموونەیە لەسەر تەنگ وچەڵەمەی گەورە لە کرداری دەنگداندا کە لە هەولێر رووی دا کە دەرکەوت دوای کرداری پێداچوونەوە کە کرا لەلایەن کۆمسیۆنی باڵا ,کە لەو بروایەدایە کە ئەم ڕاهێنانانە نیشانەیەکە بۆ هەوڵدانێکی رێکخراو بۆ شێواندنی کرداری دەنگدان لەرێگای گەورە کردنی دەنگدان بە "بەڵێ" . بەڵام کۆمسیۆنی باڵا نیشانەی کرد کە ئەم هەڵانە گرنگی یەکی زۆری نی یە بۆ کاریگەری لەسەر ئەنجامەکانی دەنگدان لە بنکەکانی دەنگدانی باسکراو.هەروەکو ئەنجامەکانی پێداچوونەوە دەریخست جگەلە هەندی هەڵەی کەم و تەنگ چەڵەمەی هونەری هیچ هەڵەیەکی رێکخراو رووی نەدا لە حلە و بەسرە و موسڵ و هیچ مەترسێك لە ئەنجامەکانی ئەم سێ پارێزگایەدا.

تەنگ وچەڵەمەیەکی تر هەبوو کە پەیوەندی بە لیستەی دەنگدەرانەوە هەیە , کە دەنگدەران بەرەنگاری قورسی یەك بوو لە دۆزینەوەی ناوەکانیان لە لیسە ڕاستەکاندا بەهۆی تۆمار نەکردنی ناوەکان بە پێ ی "ئەلف و بێ " ونوسینی بە بچوکی کە خوێندنەوەی کارێکی گران بوو لە ژێر روناکی یەکی کەم دا , لەمەش لە زۆربەی شوێنەکاندا بوو .لەبەر ئەم هۆیە کۆمسیۆنی باڵا هەستا چارە سەرکردنی ئەم تەنگ وچەڵەمەیە بەشێوەیەکی خێرا ئەویش بە رێکاپێدانی دەنگدەران بە هێنانی کارتی بایعی بۆ ویستگەکانی دەنگدان بۆ رێگا پێدانی دڵنیابوونی ناسنامەی دەنگدەر ,ئەمەش بۆ بەهۆی کەم بونەوەی ورەی دەنگدەران و هۆیەك بوو بۆ بەچێ هێشتنی زۆربەی دەنگدەران بێ ئەوەی دەنگبدەن .لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چارەسەرکردنە لەوانەیە یارمەتی دا لە چارەسەرکردنی تەنگ وچەڵەمەی ئەو دەنگدەرانەی کە تۆمارنەکرابوون.

## ڕاسپاردەکانی کە پەیوەندی هەیە بەدەنگدانەوە :

1- ڕوون کردنەوەی فەرمایشتەکانی کەپێویستە چاودێرەکانی هەڵبژاردن بەپێ ی برروون بۆ چۆنە ژۆرەوەی بنکەکان و ویستگەکانی دەنگدان و بەرزکردنەوەی ڕادەی مەشق کردنی پێشکەش کراو بۆ فەرمانبەرەکانی ئاسایش و فەرمانبەرانی هەڵبژاردن وگونجاندن لە نێوانیاندا بۆ ئاسان کردنی چونەژۆرەوەی چاودێرەکان .

2- پەرەپێدانی چاودێری ناوخۆ وشێوەکانی سزادان بۆ نەهێشتنی ڕوودانی هیچ هەڵەیەکی ڕێکخراو کە چاودێرەکان نیشانەیان بۆکرد کە دۆزرایەوە لە کرداری پێداچوونەوە کە کرا لەلایەن کۆمسیۆنی باڵا.

3- دابین کردنی چاودێری لەشوێنەکاندا لە کاتی چاپ کردنی لیستەی دەنگدەران لەپاشەڕۆژدا .

## جیاکردنەوەی دەنگەکان و کۆکردنەوەی ئەنجامەکان :

تەنگ و چەڵەمەکانی پەیوەندی یان هەیە بەکرداری ئەنجاامەوە دەستی پێ کرد پێش 13 ڕۆژ لە دەنگدان ,کاتی پێداچوونەوەی کۆمەڵەی نیشتیمانی بە شی کردنەوەی بەندی دووەم لە چەسپاندنی دەستوور بەبڵاوکردنەوەی کە پێویستە دوو بەشی کۆی دەنگدەرانی تۆمارکراو دەنگ بدەن بە "نەخیر" لە سێ پارێزگا یان زیاتر تا بتوانن ئەنجامی "نەخیر"بێنن لە هەڵبژاردنی دەستووردا.ئەم گۆران کاری یەش مانای وابوو کە هەر لاپەرەی بەتاڵ دائەندرێ بەلاپەری "بەڵێ " هەروەکو بەتایبەتی دەگەکانی دەنگدەرانی تۆمارکراو کە دەنگی خۆیان نەداوە .لەماوەی دوو ڕۆژدا و لەدوای پاڵپەستووی ناوخۆ و نێودەوڵەتی گەرانەوە بۆ شیێ کردنەوەی پێشوو لە بەندی دووەم , بەڵام ئەم کارە وا بینرا کە هەوڵدانێکی شێواندنی سیاسی یە .

کردنی کرداری جیاکردنەوەی دەنگەکانی هەڵبژاردنی عێراقی لەسەر دەستوور ڕێك دەکەوێ لەگەڵ ڕێژەکانی نێودەوڵەتی ,کە هەستان بە دامەزراندنی فەرمانبەرانی هەڵبژاردن کە شارەزایی یان هەیە لە هەڵبژاردنی کانوونی دووەمدا ,کە ئامۆژکاری یەکانی پێشوویان بەکار هێنا بەشێوەیەکی ڕاست , کە تەنگ وچەڵەمەیەك هەبوو لە ئامادە بوونی فرمانبەرانی ئاسایش لە ناو ویستگەکانی جیاکردنەوە لە هەڵبژاردنی کانوونی دووەم و لەهەندی کاتدا تێکەڵ بونیان لە کرداری جیاکردنەوە , بەڵام ئەم تەنگ وچەڵەمانە وادیاربوو کە کەمترە لەکاتی جیاکردنەوەی دەنگەکانی هەڵبژاردنی دەستووردا .تێبینی کرا بە بوونی هەندێك هەڵە ولادان بەڵام پێویستە دڵنیابین کە ئەم هەڵانە ڕووی دا بەرێژەیەکی کەمدا لە ویستگەکانی دەنگداندا , بەشێوەیەکی گشتی دەنگدانی جەماوەری عێراقی بە "بەڵێ " هیچ گومانی تێدا نی یە .

دوای تەواو بوونی کرداری جیاکردنەوە هەستان بە گوێزانەوەی نموونەکانی ئەنجامەکان لە بنکەکانی جیاکردنەوە بۆ بنکەی جیاکردنەوەی نیشتیمانی لە بنکەی کۆمسیۆنی باڵا لە بەغدا .
کە هەستان بە تۆمارکردنی ئەنجامەکان لە نموونەکانی 98,97 لە ڕێسای ڕاستی یە زانستی یەکان .هەروەکو لە هەڵبژاردنی کانوونی دووەمدا واوەچاوکرا کە کاری بنکەی جیاکردنەوەی نیشتیمانی لەوپەری کارامە وسەرکەوتوویی دابوو. کرداری کۆکردنەوەی ئەنجامەکان بە شێوەیەکی گشتی ڕێك دەکەوێت لەگەڵ ڕێژەکانی نێودەوڵەتیدا ,بەڵام نەتوانینی دیاری کردنی ژمارەی لاپەرە بەتاڵەکانی دەنگدان لە

ئەنجامە کۆتاییی یـەکاندا بۆ بەهۆی تەنگ وچەڵەمەیەکی گەورە ,بەتایبەتی تەنگ وچەڵەمەکانی کە هەبوو لە کۆی ڕاستی یە زانستی یـەکان هەروەکو ڕوون کراوەتەوە لە خوارەوە .

وەها رەچاودەکرا کە ئەنجامەکان لە باش هەفتەیەك دوای دەنگدان دەربچێت بەڵام دەرنەچوو تا دوای 10 ڕۆژ .ئەم دواکەوتنەش لە دەرچوونی ئەنجامەکان بوو بەهۆی گومانێك بەتایبەتی لاپەرەکانی دەنگدان لەو کاتەدا .ئەم کارەش بۆ بەهۆی دەرچوونی ئەنجامی نارەسمی ناوردی لەلایـەن بەرپرسەکانی ناوخۆیی و نیشتیمانی هەڵبژاردن . دواکەوتنی ئەنجامەکان بەهۆی کردنی پێداچوونەوەی گۆرەپایی کە کرا لە نێوان 19-24 تشرینی یـەکەم لە چوار پارێزگاکان حلە و بەسرە و هەولێر و موسڵ , کۆمسیۆنی باڵا هەستا بە پێداچوونەوەی فەرمایشتەکان و سنوقەکان و لاپەرەکانی دەنگدان بۆ دوزینەوەی هەر تەنگ وچەڵەمەیەك کە کایگەر بێت لەسەر ئەنجامی کۆتایی .کۆمسیۆنی باڵا ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل دەرنەکرد لە 8 تشرینی دووەمدا بۆ ڕوون کردنەوەی کە پێداچوونەوەکە هیچ تەنگ وچەڵەمەیەکی کاریگەری نەدۆزی یـەوە کەکار بکاتە سەر ئەنجامی کۆتاییی هەڵبژاردن .

پێداچوونەوە کرا لە پارێزگای موسڵ بە هۆی تەنگ وچەڵەمەکانی کە هەبوو لەنێوانی کرداری تۆمارکردن و تاوانبارکردنێکی جەماوەری بە شێواندن و بەهۆی ئەنجامەکانی سەرەکی دەری خست کە "بەڵێ" (45٪ ) و "نەخێر" (55٪ ) بەرێژەی 10 ٪ مەتر یان زیاتر لە نێوانیان و بەپێ ی ڕاپۆرتی کۆتاییی کۆمسیۆنی باڵا کە ئەمە کەترین ڕێژەیە کە بەپێ ی پێویست بە پێداچوونەوەی ئەنجامەکان بکرێت .وهەروەها بە پێ ی ئەم ڕێژەیە پێویست بوو پێداچوونەوەی ئەنجامەکان بکرێت لە پارێزگای بەعقوبە کە جیاوازی لە نێوان "بەڵی " و "نەخێر " 50/50 بوو. بەڵام کەنزیکەی دووبەشی دەنگدەران دەنگبدەن بە "نەخێر" گرنگی ئەدات بە پێداچوونەوەی ئەنجامەکان لە موسڵ نەك لە بەعقوبە ,ولێرەش پێویستە ئەم مەبەستە چاك بکرێت لە ڕاپۆرتی کۆمسیۆندا وپێویست بوو لە کاتی خۆیـدا ڕوون بکرێتەوە .

کرداری پێداچوونەوە کرا لەلایـەن فەرمانبەرانی کۆمسیۆنی باڵا و بەیارمەتی کارمەندی نێودەوڵەتی . وکرداری پێداچوونەوە بریتی بوو لە تاقی کردنەوەیەکی تەواوەتی لە هەندی لە بنکەکانی دەنگدان کە تاقی کەرەکان هەستان بە کردنەوەی هەموو سنوقەکانی دەنگدان و دڵنیابوون لە ژمارەی قفڵەکان بە پێ ی زانیاری یـەکانی تۆمارکراو لە نمونەی ژمارە 97 وبە جیاکردنەوەی هەموو لاپەرەکانی دەنگدان.و بەراوردی ئەم ژمارانە لەگەڵ ژمارەکانی کەوەرگێراوە لە بنکەی جیاکردنەوەی نیشتیمانی .هەروەها هەستان بە تاقی کردنەوەی هەموو بنکەکان و ویستگەکانی کە کرابوو بە بەراورد لەگەڵ لیستەی رەسمی بۆ دڵنیابوون لە شەرعیـەتی .لە پارێزگای موسڵ بنکەیـەکی یـاسا غ بەڵام ئەنجامەکانی ئەم بنکەیـە تۆمارنەکرابوو لە کۆیـەکانی کۆتاییی و هەستان بە دەست دانان بەسەر هەموو لاپەرەکانی دەنگدان کە مەترسی تایبەتی هەبوو .

هیچ تەنگ وچەڵەمەیەکی تر نەدۆزرایەوە لە موسڵ ,ولە حلە و بەسرە چەند تەنگ وچەڵەمەی بچووك هەبوو .بەڵاو هەروەکو پێش تر باسکرا لە ڕاپۆرتەدا ولەبەشی تایبەت بە دەنگدان پێداچوونەوەکە ڕوونی کرد کە لە هەولێر هەوڵدانێکی ڕێکخراوبوو بۆ شێواندنی کرداری دەنگدان لەرێگای گەورە کردنی دەنگدان بە "بەڵێ" لە 6 بنکەی دەنگداندا و ڕێژەی لاپەرەکانی دەنگدان لە 10٪ بوو ئەوەش ڕێژەیەکی زۆرە و مەترسی یـەکی هەیە .لەهەمان کاتدا ئەگەر ئەم کارە کرا لەسەر ڕێژەی یـەك پارێزگا لەکۆتاییی دا کار ناکاتە سەر ئەنجامی دەنگداندا.

ئامادەبوونی 60٪ لە عێراقی یەکانی کە بۆیان هەیە دەنگبدەن لەم کردارە ,ئەتوانین بڵێن کە ئەمە شتێکی زۆر باشە و گرنگە. ولێرەش کۆمسیۆنی باڵا شایـەنی باسە لە کارکردنی بۆ ئاساکردنەوەی ئەم ئامادەبوونە. بەڵام لێرەش ئەتوانین نیشانی سێ تەنگ وچەڵەمە بکەین بە

تایبەتی ژمارەی ئامادەبوونی دەنگدەران .یەکەم , ئەگەر ژمارەی پاریزگای ئەنبار مان لابرد ئەبینین کە ئامادەبوونی دەنگدەران لە ریژەی 54٪ لە پاریزگاکانی ناسریە و واست و لە پاریزگاکانی تر لە ریژەی 55٪ – 60٪ و لە هەولیر 90٪ . ئەم تەنگ وچەڵەمانەی کە لە هەولیر دۆزایەوە لەکاتی کرداری پیداچوونەوەی گۆرەپانی بلاو بوو لە هەموو ناوچەکانی پاریزگاکە ,بەلام هەروەکو پیش تر باسمان کرد کە کاریکی زۆر ناکاتە سەر ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردندا .

دووەم , کەگرنگترە ئەوەیە کە ژمارەی دەنگە ڕاستەکان و دەنگە تۆمارکراوەکان و ژمارەی ریژەی بەشداری کردنی دەنگدەران ریک ناکەویت , لیرەدا واپیش نیاردەکریت کە ئەم ژمارانە هاتووە لە دەنگدەرانی تۆمار نەکراو کە دەنگیاندا .لەوانەیە کە ئەم دەنگدەرە تۆمارنەکراوانە کە زیاد کراون بۆ پاشکۆی لیستەی دەنگدەران ریگایان پێ درا بۆ دەنگدان (شەوەش لەوانەیە کە کاریکی پاش بێت و شایەنی باسە لەلایەن هەندێ لە چاودێرەکان) .لەلایەکی ترەوە ژمارەیەکی ڕەسمی تایبەت نی یە بە تۆمارکراوانی کە رووی دا لە هەمان رۆژدا ,لیرەدا پێویستە بە ژمارەی کۆتایی ڕەسمی تایبەت بەدەنگدەرانی تۆمارکراو .

سێ یەم ,وادیارە کە 4.4٪ لە دەنگەکانی دەنگدەران لە موسڵ دیار نی یە کە ژمارەیان دەگاتە 60000 لاپەرەی دەنگدان .لیرەشدا گرنگی یەکەی کە نیشانەکرا ئەوەیە ئەگەر هەموو ئەم دەنگانە "نەخێر" بوایە ریژەی ئەم هەڵبژاردنە دەگەیشتە 58.54٪ کە مانای وایە هەر کەمترە لە ریژەی 66.6٪ کە پێویستە بۆ ئەوەی کاربکاتە سەر ئەنجامی دەنگدان .

## ڕاسپاردەکانی تایبەت بە جیاکردنەوەی دەنگەکان و کۆکردنەوەی ئەنجامەکان :

پێویستە لەسەر کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق کە :

1– پشکنین بەدوای هەر کاریکی شێواندن لەلایەن فەرمانبەرەکانی یەوەو و تاوان بارکردنی ئەم کەسانەی کە بەم کارە هەڵدەستن .

2– بەپێ ی ڕاسپاردەکانی کەبەدوای هەڵبژاردنی کانوونی دووەم دا هات پێویستە چاك کردنەوەی کەناڵەکانی پەیوەندی کردن لە نێوان ویستگە ناوخۆیەکان و نوسینگەکانی پاریزگاکان و بنکەی کۆمسیۆنی باڵا بۆ دڵنیابوون لەوەی هیچ شێواندنێك نی یە لە گوێزانەوەی ئەنجامەکان .

3– چاك کردنەوەی توانای گەیشتنی چاودێرەکان بۆ بنکەی جیاکردنەوەی دەنگە نیشتیمانی یەکان و هەر شوێنێك کە دەنگەکانی تێدا پاریزرابێت.

4– چاك کردنەوەی ڕوونی فەرمایشتەکانی پێداچوونەوە .

5– رێ نەدان بە بڵاوبومەوەی ئەنجامەکان لەلایەن فەرمانبەرەکان و ئەندامەکانی تیمی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.

6– ئامادە کردنی ژمارەی لاپەرەکانی دەنگدانی بەتاڵ و خراپبووەکان لەگەڵ لاپەرەکانی دەنگدانی ڕاستەکان لە کاتی دیاری کراو .

7– دەرکردنی ڕاپۆرتێکی نوسراوی یاسایی لەلایەن ئەنجامەکانەوە .

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ریژە ڕاستەقینەکانی یاسا ڕوون بکریتەوە یان هەر ریژەیەکی تر کە هەبێت لە قۆناغی پێشکەوتندا و ریگانەدان بەگۆرینی هەتا ئەگەر بەشێوەیەکی کەمیش بێت .

هەروەها ئامۆژگاری دەکرێت کە ئامادە کردن بۆ هەڵبژاردن و چاودێری کردن لە پاشەڕۆژدا گرنگی بدات بەو ناوچانەی کە تەنگ وچەڵەمەی تێدا دەرکەوت یان ئاژاوەی تێدابوو , وەکو شارەکانی کە کۆمەڵەی جۆراوجۆری تێدایە لە دانیشتووان وەکو لە موسڵ و بەعقوبە و ئەنبار و هەولێر.

## فەرمایشتەکانی سکالاٌ پێش و پاش کرداری هەڵبژاردن :

لەژێر سیبەری ئەو بارودۆخە سەختەی کە وولاتەکە تێیدایە پێویستە سوپاسی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن بکرێت بۆ خستنە ناوەوەی چەند گۆرانکاری یەك لە کرداری پێشکەش کردنی سکالاٌی هەڵبژاردن لە مانگی تشرینی دووەمدا ,ئەمەش کارێکە شایانی سوپاسە .گرنگترین چاکردنەوە کە جێبەجێ کرا ئەمانەیە :

- بریارێك دەرکرا لەلایەن کۆمسیۆنی باڵا بە ڕێگادان بە پێشکەش کردنی سکالاٌ لەویستگەکانی دەنگداندا لە ڕۆژی هەڵبژاردندا ,کە شوێنەکان زیاتر بوو بۆ پێشکەش کردنی سکالاٌ.
- مەشق پێ کردنی تیمی کارکەران لە نوسینگەی بەرپرس لەسەر چارەسەرکردنی کرداری سکالاٌ (نوسینگەی سکالاٌ).
- پێ گیری نوسینگەی سکالاٌ بەشێوەیەکی گەورەتر لە فەرمایشتەکانی سەیرکردنی سکالاٌکان .
- دامەزراندنی وەرگێرێك بۆ نوسینگەی سکالاٌ بۆ ئاسان کردنی کرداری بەردەوامی پەیوەنی لەگەڵ چاودێرە نێودەوڵەتی یەکان ,دانانی رژێمێکی زیاتر ڕوون کراوە بێت کەتایبەتە بە پێشکەش کردنی سکالاٌکان لە ڕێگای پۆستی ئەلکترۆنی .

هیچ ڕێگرێك نەهاتە بەرامبەر جۆری سکالاٌکان کە ئەتوانیت پێشکەشی بکەیت .وبەپێ ی یاسای کۆمسیۆن ژمارە 5/2005 بەشی 4.4 ئەتولنیت هەر سکالاٌیەك پێشکەش بکەیت هەرکاتێك لادان هەبێت لە رژێم یان یاسادا .

رژێمەکان دەسەڵاتێکی تەواوەتی ئامادەکرد بۆ دەسەڵاتی هەڵبژاردن (لەگەڵ شاردراوەی هەندێ تایبەتی بە تاوان کرۆ دنی قەوارە سیاسی یەکان لەکاتی لادانی هەندێ لە ئەندامەکانی نارەسمی یەکان ) .هەروەها ئەم رژێمانە هێڵێکی ڕوون کراوەی داناوە بۆ یاسادانان بەتایبەتی بە فەرمایشتەکانی سکالاٌ جگەلە کارکردن لەسەر سکالاٌکانی کە دژی بەرێوەبەری هەڵبژاردنە .هەروەکو رووی دا لە هەڵبژاردن کانوونی دووەم ئەم رژێمە لێکدراوانە وای کرد کە پێشکەش کردنی ئەم جۆرە سکالاٌ بۆ بەرپرسی هەڵبژاردنی سەرەکی یان بۆ ئەنجومەنی کۆمسیۆن بابەتێکی ڕوون کراوە نەبێت .لەڕاستیدا ئەنجومەنی نوسینگەی سکالاٌکان سکالاٌی پێشکەش کرا دژی بەرێوەبەرایەتی لە هەڵبژاردنی مانگی تشرینی یەکەم و دوای ئەوا نێردرا بۆ سەرۆکی ئەنجومەن بۆ ڕاپۆرت نووسین و ولەدوایی بریاردان لەلایەن ئەنجومەن .واباشتر بوو ئەگەر ئەنجومەن ئەم سکالاٌنای وەرگرت لە نوسینگەی سکالاٌکان پێش سەرۆکی ئەنجومەن .

ژمارەی سکالاٌکانی وەرگێراو لە ماوەی هەڵبژاردن 158 سکالاٌ ,کە کەمترە لە سکالاٌکانی وەرگیراوە لە ماوەی هەڵبژاردنی مانگی کانوونی دووەم ژمارەی لادان لە هەڵبژاردن کەمتر بوو لەوەی کە چاودێرەکان ڕایانگەیاند و ژمارەی سکالاٌکانی کە وەرگیراوە لە بەرەکانی نێودەوڵەتی لەیەك چوو و ژماراکانی سکالاٌ کە کۆمسیۆن ڕەچاوی ئەکرد لە نێوان کرداری هەڵبژاردندا .لەوە ئەچێت ژمارەی کەم بوونی سکالاٌکان ئەنجامی چەند تەنگ وچەڵەمەیەك کە کاری کرد بەشێوەیەکی تێبین کراو لەسەر کرداری پێشکەش کردنی سکالاٌ .

و ئەم تەنگ وچەڵەمانە ئەوە دەگرێتەوە ,رێگرەکانی کە سیاسەتی پێشکەش کردنی سکاڵا کە دانراوە لەلایەن کۆمسیۆن کە وای کرد قورسی یەکی خستە پێش سکاڵاکەرەکان بۆ پێشکەش کردنی سکاڵاکانیان پێش ولەنێوان و دوای دەنگدان .و رێگرەکانی کە زۆر گرنگە ئەوانەیە کە پەیوەندی هەیە بە کێ ئەتوانێ سکاڵا پێشکەش بکات و کەمی کاتەکە و داواکاری قورسەکانی کە پەیوەندی هەیە بەناوەرۆکی سکاڵاکەو لەگەڵ نەبوونی وردی و کەمی زانیاری یەکان کە کۆمسیۆن پێشکەشی کرد لەسەر چونیچتی پێشکەش کردنی سکاڵا و نەبوونی زانیاری یە تەواوەتی یەکان لەسەر پاراستنی سکاڵاکەرەکان .لەزۆربەی کاتدا ئەم ئامۆژگاری یانەی کە کۆمسیۆنی باڵا بڵاوی کرد لەسەر پێشکەش کردنی سکاڵا کەچەند رێگرێکی تێدا دەرکەوت و وای لە هاولاتیانی کرد کە پێشکەشی سکاڵا نەکەن .وا تێبینی کرا کە چاڵێك هەیە لەنێوان زانیاری یەکانی کەدابەش کرا بەسەر جەماوەردا و فەرمایشتەکانی کۆمسیۆن .

فەرمایشتەکانی تابەت بەچارەسەرکردنی سکاڵاکان وپشکنینی بەتەواوەتی کرا چگەلە ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە راگەیاندن و ماف لە زانیاری یەکان و چوونیێتی هەڵگرتن و گوێزانەوە .ولەهەمووباریکدا زۆربەی ئەم فەرمایشتانە بەشوێنی دا نەرۆیشتن , فەرمایشتەکانی کە کاری پێ کرا بەپێ ی بریاری دەسەلات داران لەزۆربەی کاتدا تەواوە .هیچ داواکاری نەبوو هەتا بەرواری تەواوکردنی ئەم بەشە لە راپۆرتی 21 تشرینی یەکەمدا لەبەر ئەوە ناتوانین هەڵسنگاندنی ئەم کردارە بکەین ئەگەر بەدوای فەرمایشتەکان داچووبن .بەشێوەیەکی گشتی دەسەڵات دارانی هەڵبژاردن کاری نەکرد لەگەڵ سکاڵاکان بەپێ ی چوارچێوەی کاتی دیاری کراو.

وادیارە ئەو گەشتی فێرکردنەی کە کۆمسیۆنی باڵا پێ ی هەستا بۆ فێرکردنی دەنگدەران سەبارەت بەکرداری پێشکەش کردنی سکاڵا کاریگەربوو ,هەروەها کۆمسیۆنی باڵا ژمارەی تەواوەتی نەبوو لە فەرمانبەران بۆ پشکنینی سکاڵاکان وچارەسەرکردنی ,لەگەڵ ئەوەشدا کەم وکوری هەبوو لە رِوونی ئەم کردارەدا لەناو کۆمسیۆن خۆیدا .لەراستیدا بە پێ ی فەرمایشتەکان نەرۆیشت کەداینابوو بۆ پێشکەش کردنی فۆرمەکانی سکاڵا بە هاوولاتی یان ,ورێگا نەدرا بە چاودێرە ناوخۆیەکان بۆ پشکنینی فۆرمەکانی سکاڵای تەنیا , هەروەکو دیاربوو بەرپرسەکان و فەرمانبەرانی کۆمسیۆن دوو دڵ بوون لە پێشکەش کردنی زانیاری یەکان بۆ چاودێرەکان .کە رِوونی رەگەزێکی گرنگە لە متمانەپێ کردنی شەرعیەتی کرداری هەڵبژاردن ,یارمەتی نەدانەکەی کە پاس کرا گومانی لانەبرد سەبارەت بە خراپی بەرێوەبردن و شێواندن و تێکەڵ بوونی سیاسی .
لەکۆتایی دا ,هەنگاوەکانی کە کۆمسیۆنی باڵا پێ ی هەستا بەرامبەر سکاڵا گرنگەکان چەند پرسیارێك ئەخاتە رِوو سەبارەت بە بێ لایەنی ,کە ئەم سکاڵانە وای راگەیاند کە شێواندنێك هەیە لە کرداری تۆمارکردنی پێش هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکوك ,کە پشکنینی کۆمسیۆن وا دەریخست کە ئەم سکاڵایانە راست نی یە .بەڵام ئەنجومەنی کۆمسیۆن هەتا ئێستا هیچ سزایەك یان فەرمایشتێکی دانەناوە دژی ئەوانەی کە لایەنداوە .

## راسپاردەکانی تایبەت بە کرداری سکاڵا :

1- بڵاوکردنەوەی زانیاری یەکی وردبێن و رِوون کراو بەتایبەتی فەرمایشتەکانی سکاڵا.
2- زیادکردنەوەی رِوونی کرداری پێشکەش کردنی سکاڵا بەرێگایەك کە بکات ناوەرۆکی فۆرمەکانی سکاڵا ئامادە بێت بۆ چاودێرەکان و بەشدابووەکان , هاندانی فەرمانبەرانی کۆمسیۆن لەسەر گفتوگۆکردن لەکەڵ چاودێرەکاندا .
3- نەهێشتنی لێکدان لەنێوان رژێمەکان و فەرمایشتەکانی تایبەت بە سکاڵاکان دژی بەرێوەبەرایەتی هەڵبژاردن .
4- رێدان بە پێشکەش کردنی سکاڵاکان لەلایەن نەناسراوان و زیادکردنی ماوەی پێشکەش کردنی ولابردنی داواکردنی ناو و

ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنی سکالاکەر .

5- دڵنیابوون لو چارەسەرکردنی سکالاکان هەرکەوەرگیرا لەکاتی دیاری کراو بۆی.

## بەکورتی :

هەڵسنگاندنی کرداری هەڵبژاردن سوپاسی کۆمسیۆنی باڵای کرد بەهەستانی بەم کردارە بەشێوەیەکی کارامە ,بەتایبەتی لەم بارە ئاسایشە سەختە و باری لۆجستی . و هەڵسنگاندن باسی چاك کردنەوەکانی کە کۆمسیۆن پیێ ی هەستا لە زۆربەی بوارەکاندا بە بەراوردکردن لەگەڵ هەڵبژاردنی کانوونی دووەم کەزۆربەی وەگیرابوو لەو شارەزایی یەی کە کۆمسیۆن وەری گرت لە هەڵبژاردنی پێشودا.

ئەم بوارانەی کەئەتوانرێت چاکردنەوەی لەسەر بکرێت لەماوەیەکی کورتدا لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ,ئەم خالانەی خوارەوەیە :

- دانانی کاتێکی کۆتایی بۆ سکالاکان و بلاوکردنەوەی ئەنجامە رەسمی یەکان .
- پێداچوونەوەی سکالاکان کە پێشکەش کراوە لە ماوەی تازەکردنەوەی لیستەی دەنگداران ودانانی فەرمایشتەکانی چاك کردنەوە لە بارەکانی کە پێویستە .
- پەرەپێدانێکی فراوان سەبارەت بە فێرکردن و ڕاگەیاندنی دەنگدەران .
- دڵنیابوون لەسەر توانای چاودێری کردنێکی سەربەخۆ بۆ ڕاگەیاندن .
- بەرزکردنەوەی ڕادەی مەشق پێ کردنی فەرمانبەرانی هەڵبژاردن بۆ ئاسان کردنی چوونە ژوورەوەی چاودێرەکان .
- توندکردنی پەیوەندی لە نێوان بنکەی کۆمسیۆنی سەربەخۆ و گۆرەپاندا .

ئەم بوارانەی کەئەتوانرێت چاکردنەوەی لەسەر بکرێت لەماوەیەکی درێژدا :

- پەرەپێدانی چوارچێوەی یاسایی ڕێکخراو دارایی سیاسی بەرێوە بات لەگەڵ ئەوەشدا پەرەپێدانی ئەم بەرنامەیە بۆ جێ بەجێ کردنی .
- دامەزراندنی رژێمی کارامە بۆ بەرێوەبردنی هەڵبژاردن کاردەکات لەسەر دانانی هێڵی ئیستراتیجی بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ.

نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی وای رەچاوکرد کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق کاری هەڵبژاردنی بەشێوەیەك بەرێوەبرد کە ڕێك دەکەوێت لەگەڵ رێژەکانی نێودەوڵەتیدا ,مەبەستی ڕاسپاردەکان کە باس کراوە لەم ڕاپۆرتەدا یارمەتی دانی کۆمسیۆنی باڵایە لە توندبوونی بەرەو پێش بردنی تواناکانی . نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی حەزدەکات بە بەردەوامی پێشکەش کردنی یامەتی و چاودێری بۆ کۆمسیۆنی باڵا لەماوەی کرداری هەڵبژاردن کە دەکرێت لە مانگی کانوونی یەکەم ولەماوەی دووریشدا.

باشكۆی ژماره (1) : یاسادانان , یاساكان , سستم و هەنگاوی تایبەت بۆ جێ بەجێ كردنی دەنگدان وهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران .

سیستمی كۆمسیۆنی باڵا ژماره 1–2005 سەبارەت بە تۆماركردنی دەنگدەران
سیستمی كۆمسیۆنی باڵا ژماره 2–2005 سەبارەت بە هەڵبژاردن و جاودێرەكانی دەنگدان
سیستمی كۆمسیۆنی باڵا ژماره 3–2005 سەبارەت بە نوێنەری قەواره سیاسی یەكان
سیستمی كۆمسیۆنی باڵا ژماره 4–2005 سەبارەت بە پیشاندان وماوەی رەخنە گرتن
سیستمی كۆمسیۆنی باڵا ژماره 5–2005 سەبارەت بە جێ بەجێ كردنی سكاڵاكانی تایبەت بە هەڵبژاردن
سیستمی كۆمسیۆنی باڵا ژماره 6–2005 سەبارەت بە باوەرپێ كردن بە قەواره سیاسی یەكان
سیستمی كۆمسیۆنی باڵا ژماره 7–2005 سەبارەت بە هەڵبژاردن و ژماردنی دەنگەكان
سیستمی كۆمسیۆنی باڵا ژماره 8–2005 سەبارەت بە گەشتی هەڵبژاردن وگەشتی دەنگدان
سیستمی كۆمسیۆنی باڵا ژماره 9–2005 سەبارەت بە باوەركردن بە لیستەی هەڵبژێراوان
سیستمی كۆمسیۆنی باڵا ژماره 10–2005 سەبارەت بە ڕاگەیاندن
سیستمی كۆمسیۆنی باڵا ژماره 11–2005 سەبارەت بە لادان لە هەڵبژاردن و دەنگدان
سیستمی كۆمسیۆنی باڵا ژماره 12–2005 سەبارەت بە ئەنجامی دەنگدان
سیستمی كۆمسیۆنی باڵا ژماره 13–2005 سەبارەت بە دابەش كردنی كورسی یەكان
سیستمی كۆمسیۆنی باڵا ژماره 14–2005 سەبارەت بە تۆماركردن و دەنگدان لە دەرەوەی وولات
یاسای هەڵبژاردن
پێش كەش كردنی یاسای هەڵبژاردن
دەستوور
چاك كردنەوەی دەستوور
نوسراوەی ڕەوشتی تایبەت بە ڕاگەیاندن لە كاتی هەڵبژاردن
نوسراوەی ڕەوشتی تایبەت بە چاودێرەكان
نوسراوەی ڕەوشتی تایبەت بە نوێنەری قەواره سیاسی یەكان
نوسراوەی ڕەوشتی تایبەت بە قەواره سیاسی یەكان

**پاشكۆی ژمارە (2 )** : بەشدار كردنی دەنگدەران بە پێ ی پارێزگا.

| پارێزگا | دەنگدەرانی تۆمارکراو | ژمارەی بەشداری | بەشداری ٪ |
|---|---|---|---|
| ئەنبار | 677821 | 585429 | 86,4 |
| بابل | 747588 | 593828 | 79,4 |
| بەغا | 3857499 | 2702541 | 70,1 |
| بەسرە | 1096749 | 813758 | 74,2 |
| دیالی | 707598 | 529755 | 74,9 |
| دهۆك | 458924 | 422218 | 92,0 |
| هەولێر | 870026 | 828810 | 95,3 |
| كەربەلا | 439764 | 309771 | 70,4 |
| میسان | 441168 | 323250 | 73,3 |
| موسەنا | 315842 | 208662 | 66,1 |
| نەجەف | 529890 | 385533 | 72,8 |
| موسڵ | 1343381 | 942514 | 70,2 |
| القادسیە | 524073 | 338925 | 64,7 |
| صلاح الدین | 564607 | 555755 | 98,4 |
| سلیمانی | 961786 | 809759 | 84,2 |
| كەركوك | 691581 | 595425 | 86,1 |
| زي قار | 818939 | 588415 | 71,9 |
| واست | 521466 | 354563 | 68,0 |
| كۆی كۆتایی | 15568702 | 11888911 | 76,4 |

**پاشکۆی ژمارە (3 )** : هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی سیستمی هەڵبژاردن بەپێ ی پارێزگا.

| پارێزگا | کۆی کورسی یەکان | دەنگدەرانی تۆمارکراو بۆ هەر کورسی یەک | دەنگە ڕاستەکان بۆ هەر کورسی یەک | قەوارەکانی هەڵبژێردراو | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |
| ئەنبار | 9 | 75313 | 64408 | 2 | |
| بابل | 11 | 67963 | 53067 | 3 | |
| بەغا | 59 | 65381 | 44778 | 7 | |
| بەسرە | 16 | 68547 | 50170 | 3 | |
| دیالی | 7 | 65561 | 59707 | 2 | |
| دهۆك | 10 | 70760 | 51961 | 5 | |
| هەولێر | 13 | 66925 | 62797 | 2 | |
| کەربەلا | 6 | 73294 | 50882 | 2 | |
| میسان | 9 | 76842 | 65070 | 5 | |
| موسەنا | 7 | 63024 | 45825 | 2 | |
| نەجەف | 5 | 63168 | 41158 | 1 | |
| موسڵ | 8 | 66236 | 47460 | 2 | |
| القادسیە | 19 | 70704 | 48555 | 7 | |
| صلاح الدین | 8 | 65509 | 41874 | 2 | |
| سلیمانی | 8 | 70576 | 67810 | 5 | |
| کەرکوك | 15 | 64119 | 53302 | 2 | |
| زي قار | 12 | 68245 | 48552 | 2 | |
| واست | 8 | 65183 | 43831 | 2 | |
| | | | | | |
| هەموو عێراق | 230 | 67690 | 50834 | 11 | |

پاشكۆی ژمارە (4 ) : هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی ,ئەنجامی شوێنەكان و دەنگەكان.

| | كۆی دەنگەكان | شوێنی حكومەت | شوێنی حكومەت % | شوێنی | شوێنی نیشتیمانی | كۆی شوێنەكان | كۆی شوێنەكان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قەوارە سیاسی یەكانی كە شوێنیان بەدەست هێناوە | | | | | | | % |
| | | | | | | | |
| ئیتلافی عێراقی ئیەكگرتوو (555) | 41,19 | 109 | 47,39 | 0 | 19 | 128 | 46,55 |
| كۆبوونەوەی كوردستانی (730) | 21,67 | 43 | 18,70 | 0 | 10 | 53 | 19,27 |
| بەرەی تەوافقی عێراقی (618) | 15,09 | 37 | 16,09 | 0 | 7 | 44 | 16,00 |
| لیستەی عێراقی یەكگرتوو (731) | 8,02 | 21 | 9,13 | 0 | 4 | 25 | 9,09 |
| جبهة الحوار الوطني العراقي (667) | 4,10 | 9 | 3,91 | 0 | 2 | 11 | 4,00 |
| یەكگرتووی ئیسلامی كوردستانی (561) | 1,29 | 4 | 1,74 | 0 | 1 | 5 | 1,82 |
| التقدميون (631) | 1,19 | 1 | 0,43 | 0 | 1 | 2 | 0,73 |
| تجمع التحرير/المصالحة (516) | 1,07 | 3 | 1,30 | 0 | 0 | 3 | 1,09 |
| بەرەی توركومانی عێراق (630) | 0,72 | 1 | 0,43 | 0 | 0 | 1 | 0,36 |
| لیستەی رافدین (740) | 0,39 | 0 | 0.00 | 1 | 0 | 1 | 0,36 |
| قائمة مثال الألوسي للامة العراقية (620) | 0,26 | 1 | 0,43 | 0 | 0 | 1 | 0,36 |
| بزوتنەوەی یەزیدی (668) | 0,18 | 1 | 0,43 | 0 | 0 | 1 | 0,36 |
| | | | | | | | |
| كۆی كۆتایی | 95,17 | 230 | | 1 | 44 | 275 | |
| | | | | | | | |
| گەورەترین قەوارەی سیاسی كە شوێنی بەدەست نەهێناوە | | | | | | | |
| | | | | | | | |
| المؤتمر الوطني العراقي (569) | 0,28 | | | | | | |
| حزب الولاء الإسلامي (758) | 0,23 | | | | | | |
| صحيفة لنا الغد (788) | 0,22 | | | | | | |
| التحالف الإسلامي (549) | 0,19 | | | | | | |